بزووتنەوەی قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی.. ئامادەکردن و وەرگێڕان: عەبدوڵا سەمان (مەشخەڵ)

سەرەتا و سەرهەڵدان

قوتابخانەی یەکشەممانی ئەرسەدەکسی مەسیحییەت کە لەلایەن کەسا و قەشەکانەوە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئەورووپا و جیهانی دەرەوەی ئەورووپا بەڕێوە دەبران، لە کارنامەی خۆیاندا جگە لە وانەکانی ئەخلاق لەگەشنیگای ئایینەوە، منداڵانیان فێری هەندێک نووسین و خوێندنەوە و ماتماتیکیش دەکرد. وەک وەڵامێک بۆ کەموکوڕییە بەرچاوەی کە قوتابخانەی یەکشەممانی ئەرسەدەکس هەیانبوو و هەروەها وەک زەمینەی مەشقپێکردنی منداڵانی سۆشیالیستەکان و پێویستی ڕێکخستن و نیشاندانی سیستماتیکانە لە تێوانین و دیدگای سۆشیالیزم بە فێربوونی بیرکە و بنەماکانی پەروەردەی سۆشیالیزم بە منداڵانی سۆشیالیستەکان، ئەم بزووتنەوەیە چیناییەتییە هاتە ئاراوە. سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، شانشینی یەکگرتوو، شاهیدی لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی گرنگ بەناو ناسراو بوو لە مێژووی چینی کرێکاری بەریتانیا، ئەویش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی قوتابخانەی یەکشەممانییە کە تایبەت بوو بە وتنەوەی بەهاکانی سۆشیالیزم. نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەت لە دەیەی سییەکان قوتابخانەی یەکشەممانی مەسیحییەت کەمەڵە دەرفەتی دەستبەر کرد بە وتنەوەی وانە بە منداڵانی خێزانە کرێکارەکان. بیرکەی قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی لەسەر دەستی هەسوەاو شارتییەکان(٢) ڕابەرت ئۆون، ماری گرەی، کە ئەندامانی فیدراسیۆنی سۆشیال دیموکرات(١) بوون لە باترسی لە لەندەن، هاتە دامەزراندن، کە سەرەتا تەنها بە وانە وتنەوە بوو بە منداڵانی کرێکارانی مانگرتووی بەندەر لە بەشی ئیست ئێند، لە لەندەن. (٣)

بۆچوونەی پەروەردەی ئەخلاقی ئایینیی بەهۆی ڕۆگی مێژوویی ئایینی مەسیحییەت بنجی داکووتابوو، بزووتنەوەی قوتابخانەی یەکشەممان لەبەری وتنەوەی بەهاکانی ئایینی مەسیحییەت، کەوتە وتنەوەی بەهاکانی سۆشیالیزم. ئەم بزووتنەوەیە لەتێوانینکانیدا

خەستەکی نەوتەویی و تانانەت دژ بە جەنگیشی هەبوو. هەروەها بەپێچەوانەی قوتابخانە ئاسایییەکانی تری زمانی ئینگلیزی، قوتابخانەکانی ئەم بزووتنەوە رادیکاڵە منداڵان بە چ زمانێک دەدوان، هەر بەو زمانەش وانەیان تیادا دەوترایەوە و بەبە ڕەچاوکردنی پاشخانی ئەتنیکی و ئایینی، پێشوازی لە هەموو منداڵێک دەکرا. لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا وەکچەن فیدراسیۆنی سۆشیالیستە فینلاندییەکان و هەنگارییەکان و ئۆکرانییەکان و لیتوانییەکان هەبوون، ئاواش لە قوتابخانەی یەکشەممان منداڵەکانیان بەزمانەکانی فینلەندی و هەنگاری و ئۆکرانی و لیتوانی وانەکانی سۆشیالیزمیان بەو زمانە زگماکەی خۆیان دەخوێند. (٤)منداڵانی کرێکارە سۆشیالیستەکانی نەو ئەو قوتابخانانەی بە یاخیبووە دەسزەکان، کچان و کوڕانی ئاڵای سوور، شەشگەڵە بچکۆلەکان، شەشگەڕانی دواڕۆژ، سۆشیالیستە بچووکەکان، یاخیبووە سوورەکان، هاوڕێیانی نەو قوومات، ناو زەد دەکرد و ئەمانە ئەو ناوانە بوون کە لەو منداڵانە نرابوون. مایکە جەیمس لەڕانانی کتێبە بەبەها و مەژووییەکەی پرۆفیسەر کینیت تەیتەلبامدا دەڵێت " مەژوونووس و مامۆستا بەرژوازییەکان هەنگە هەرگیز هیچ شتێکیان لەسەر ئەم هەوڵە پڕوپڕدەیەی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکی نەبیستبێت، بەڵام ئەو دەت چیرۆکی پێداگری ئەو سۆشیالیستە خۆشەویست و خاوەن ویژدانانەمان بە دەگەڵتەوە کە دەیانوسیت منداڵەکانیان لە ئایدیۆلۆجی سەرمایەداری ڕزگار بکەن." (٥) لەڕەوە ئەوەمان بە هوون دەبێتەوە کە فەلسەفەی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە، چینایەتی و دژە سەرمایەدارییە. هەرچەندە ڕابەرانی ئەو بزووتنەوەیە دەیانویست لانی کەم لەڕەی پڕوپڕدەیەکی سۆشیالیستانەوە دواڕۆژکی هوونای دەستبەر بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەو بزووتنەوەیە لەو جەوهەرە گرنگەی سۆشیالیزمی زانستی بێئاگا بوو کە مارکس و ئەنگەس هەر لەو سەردەمە خەریکی داڕشتنی بناغەکەی بوون. مارکس و ئەنگەس هەردووک پێیانوابوو کە ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکانی نێو گەمەگە چینایەتین و لەنێو بردنی چەوسانەوە و ستەمی بەرژوازی تەنها و تەنها لەڕەگەی بەرپاکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی چینی کرێکارەوە مەیسەر دەبێت.

بنەماکان یان مانیفەست

مانیفەستی ئەم بزووتنەوە سۆشیالیستییە بریتییە لە دە خاڵ یان دە ئامۆژگاری کە وەک بنەمایەکی فێربوون ئۆشی لێسەر کراوە. ئامۆژگارییە سۆشیالیستیەکان ئەمانەن :

١-هاوڵیانی قوتابخانەکەت خۆش بوێت، چونکە دواتر ئەو هاوڵیانە دەبنە هاوکارت لە ژیان.

٢-حەز بە فێربوون بکە، چونکە فێربوون خواردنی عەقڵە. سوپاسگوزاری مامۆستاکەت بکە وەک سوپاسگوزاری دایک و باوکت دەکەی.

٣-هەموو هەوڵێکت بە ئەنجامدانی کرداری باش و کاری بەسوود، پیرۆز بکە.

٤-دوور لە پیاوچاکان بگرە، خۆش گوفتار بە لەگەڵ هەموو خەڵک و ملکەچی هیچ کەس مەبە.

٥-نە وەقت لە کەس بەتاوە و نە زمانی خراپەکاری بەکار مەهێنە. تەنها لە کەس مەکۆڵەوە. بەرگری لە مافەکانت بکە و دژ بە ستەم بوەستەوە.

٦-ترسنۆک مەبە. هاوڵیی مرۆڤ بەتواناکان بە و دادپەروەریت خۆش بوێت.

٧-بیرت نەچێت هەموو شتێکی باش لەم سەر زەویە بەرهەمی کارکردنە. کە خۆشی لەو شتە باشانە ببینێت بۆئەوەی کاری تیا یاندا کردبێت؛ ئەو پاروویی کرێکاران دەدزێت.

٨-چاودێر بە و بیر لە دەزینەوەی ڕاستی بکەرەوە. بەوا بە هیچ شتە مەکە کە پێچەوانەی ژیری بێت؛ نە خێت و نە کەسی تریش فریو مەدە.

٩-پێتوانەبێت ئەوەی نیشتمانەکەی خۆی خۆش بوێت، دەبێت ڕقی لە میللەتانی تر ببێتەوە، یان ئاواتەخوازی جەنگ بێت، کە خودی جەنگ بریتییە لە پاشماوەکانی هەمجییەت.

١٠-ئومێدی ئەو ڕۆژە بخوازە کە تەواوی ژنان و پیاوان هاونیشتمانی ئازادی یەک سەرزەمین بن و هەموو پێکەوە وکو خوشک و برا ژیانێکی پێ لە ئاشتی و پرشنگدار بژین.(٦)

The Williamsbridge Socialist Sunday School

ئەم ئامۆژگارییانە، یان بنەمایانەی کە وەک مانیفێستەی ئەم بزووتنەوەیە ڕاگەیەنراوە، جگ لە لایەنە پەروەردەییەکەی کە دوورە لە هەر جۆرە تەروانینێکی نا ئینسانیی، لایەنێکی سەیرەلجیشی لێخە گرتووە کە منداڵان هەستی متمانەکردن بەخۆیان لا بەهێز دەبێت و کەسایەتییەکی بەتوانایان لە بارهەم دێنێت تا بتوانن لەدواڕۆژدا بەرپرسیارێتی ئاوگۆڕی مۆژوویی گەورە لەئەستۆ بگرن. لەڕاش نابێت ئەوە ڕەخنە نازانستی و دژە مارکسیستییە نادیدە بگرین کەپێیوایە منداڵانی کەمتر لە هەژدە ساڵ نابێت بەهیچ جۆرێک دەرگیری هیچ ئایدیەلۆژییەک ببن و دەبێت خۆریکی سەرگەرمی جیهانی منداڵانەی خۆیان بن. چونکە ئەم تەوانینە کەنەپەرستە دەزانێت فەرهەنگی دژە ئینسانی بەرژوازی چۆن گاریگەری لەسەر منداڵان و بیرکردنەوەی منداڵان دادەنێت، ئاواش دەیانەوێت بەو پاساوە ڕەگەری لە

سۆشیالیستەکان بکەن و نەهێشتنی منداڵان بە ئایدیا و باوەڕی ئینسانیانە و پشکۆتووخوازانە پەروەردە بکەن.

بانۆنەتوەیی بوون

ئۆگار لە سەرتادا ماری گرەی کاتێک دەستی بەم بزووتنەوەیە کرد تەنها منداڵێکی خۆی و منداڵێکی تری وەکو خوێندکار هەبوون. بەڵام دوای نزیک بە بیست ساڵ، ١٢٠ قوتابخانە لە بیست وڵاتدا دەستبەکار بووبوون. پەیڕەو گۆش و پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوەیە، جگە لە منداڵان؛ دایکان و باوکانیش دەستیان کرد بە چوون بۆ ئەو قوتابخانەیە بە فڕبوونی بنەماکانی سۆشیالیزم. لە ساڵی ١٩٢١ ژمارەی بەشداربووی ئەم قوتابخانانە گەیشتە دوانزە هەزار و پێنجسەد کەس کە بەسەر نۆەد و شەش قوتابخانە بڵپانتایی سکۆتڵاند و باکووری بڕیتانیا و لەندەن. لە ئەمریکاش یەکەمین قوتابخانە لە یەکێ ئازاری ساڵی ١٨٨٠ لە نیوێرک هاتە دامەزراندن و ٣٠ خوێندکاری هەبوو. پاشان ویلایەتەکانی شیکاگۆ و فلادیلفیاشی گرتەوە. ساڵی ١٨٨٨ شەش مامۆستا و نزیک بە ١٥٠ قوتابی چوونە قوتابخانە سۆشیالیستەکان. حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکی پشتیوانییەکی گەورەی ئەم بزووتنەوەی بوو و لە ماوەی بیست ساڵدا نزیک بە ١٠٠ قوتابخانەی لە ٦٤ شاری ٢٠ ویلایەت دامەزراند.(٧) نابەت ئەوە بە هەڵە بزانین کە تەواوی چالاکییەکانی بزووتنەوەی قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی بڕیتانی، کاریگەری گەورەی هەبوو بەسەر بزووتنەوەکە لە ئەمریکا و تەنانەت بەاوکراوە و ئەزموونەکانی هەڵسوڕاوانی بڕیتانی لەلایەن هەڵسوڕاوانی ئەمریکاوە لەبەرچاو دەگیران. کرێکارانی قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی ئەمریکی گۆشتی بڕیتانیایان دەکرد و چاودێری چالاکییەکانی ئەو بزووتنەوە پەرسەندوویان دەکرد و لەگەڵانەوێیانەدا بە ئەمریکا؛ ئەنجامگیرییەکانیان دەخستە ڕوو.(٨)

ئەم بزووتنەوە چینایەتییە گەلێ ئەدیب و نووسەری پلە پێوستبوون وەک ئابینترانەت تاگوور، ئەسکار وایلد، نیکۆلای گۆگۆل و ئەبتەن سینکلێیر. (٩) لەدەرەوەی بڕیتانیا و ئەمریکاش ئەم بزووتنەوەیە پەڕەی سەند و فراوانبوونی بەخێوە بینی. بزووتنەوەی کرێکاری لە وڵاتەکانی ئوسترالیا و کەنەدا و نیوزیلەند و هەنگاریا و بولگاریا و سویسراش توانیان دەرگاکانی خەباتی خۆیان لەسەر ئەم ئەزموونە گرنگ و مێژووییە بکەنەوە و سوودی لە ببینن.

ئاستەنگەکان و دژەکردار

لەگەڵ بەرپاکردنی ئەم بزووتنەوە مەزنە چینایەتییە، هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ کۆمەڵە ئاستەنگدا بەرەو ڕوو بووە؛ کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەک: کەمی کەلوپەلی خوێندن و وانە وتنەوە. ئەمەش هەر لە دابین کردنی جێگای گونجاو تا پەڕاو و کتێب و تەختەرەش و پێنووس و .. تاد دەگرێتەوە کە کاریگەری نەگەتیڤی هەبوو بەسەر تەواوی پرۆسەی بزووتنەوەکە.

دوو: دەستکورتی و نەبوونی بودجەی تایبەت و دارایی شایستە تا ئەو بزووتنەوەیە بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بپێکێت.

سێ: نەبوونی مامۆستای پێویست. ئەوانەی هەبوون زۆربەیان ژنانی خوێندەوار بوون و ئەوانیش شەش ڕەزا لە قوتابخانەی ئاسایی وانەیان دەوترەوە و تەنها یەک ڕەزیان لە هەفتە هەبوو وانەکانی سۆشیالیزم لە یەکشەممان بەنرەوە و کات لەگەڵ خانەوادەکانیان بەسەر بەرن.

چوار: میتۆدی بەرنامەڕێژی کاری بزووتنەوەکە ئەوە بوو کە دەبوایە سەرجەم مامۆستاکان لە شوێنێک کۆببنەوە تا پڕۆگرامی خوێندنی وانەی داهاتوو ئامادە بکەن. ئەمەش ماندووبوونێکی زۆر و کاتێکی زۆری دەویست و کێشەکی تاقەتپرۆکێنی بە مامۆستاکان دروست کردبوو.

پێنج : وەکچێن مارکس و سۆشیالیزم هەرشیان کراوەتە سەر، ئاواش ئەم قوتابخانانە کەوتنە بەر هەرشی دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی. ساڵی ١٩٠٨ زێ نیۆیۆرک تایمز؛ سکاڵای لەسەر قوتابخانەی بۆڕە پارک تۆمار کرد بەبیانووی ئەوەی گوایە ئەو قوتابخانەیە ڕق و کینەی چینایەتی بەاو دەکاتەوە.

شەش: پۆلیس وەک پارێزەری دەسەڵاتی سەرمایە، تەواوی خاوەن باڵەخانەکانی شارەکانی ئاگادار کردبەوە کە باڵەخانەکانیان بە قوتابخانەکان نەدەن بەکرێ.

حەوت: لەنەو حیزبی سۆشیالیستیشدا ڕەخنەگرانێک پەیدا بوون و دەیانوت مارکس و ئەنگڵس پشتیوانی ئەو قوتابخانانەیان نەکردووە و ئەم بزووتنەوەیە زیاتر سەزداریبە بە سۆشیالیزم و بزووتنەوەیەکی لاوازە.

هەشت: جەنگی جیهانی یەکەم و ململانێ ناوخۆییەکانی پێویست بەو جەنگە ماوەڕانکێرە، زۆربەیەکی گەورەی لە بزووتنەوەی

قوتابخانەکانی یەکشەممانی سۆشیالیستی دا. دەسەڵاتدارانی سەرمایە ژمارەیەکی زۆری هەڵسوڕاوان و مامۆستایانی سۆشیالیستی خستە کونجی تاریکی زیندانەکان، یانیش ناچار بە خۆشاردنەوە کران.

نە: لەهەمووی ناخۆشتریش سەرباری بەرگریکردن و جەسارەت نواندنی هەڵسوڕاو و مامۆستا سۆشیالیستەکان، بەڵام لە خۆپیشاندان و نمایشکاندا کۆتنە بەر لەدان و پەلاماری دەسەڵات و ئازاردانی جەستەیی.

ئیتر بوجەرە بەرژوزی تەقڵلای زەریدا تا پاشکۆ بو بزووتنەوە چینایەتییە بکات و لەم هەوڵیدا توانی سەرکۆتنکی تری مژوویی بە خۆی تۆمار بکات ئویش بەهۆی ناڕکخراوبوون و دووربوونی چینی کرێکار لە سۆشیالیزم و مارکسیزم. جێی خۆیەتی لێرەدا دوا قسەی قوتابییەکی قوتابخانەی یەکشەممانی بڕکلین لە شاری نیویۆرک بخوێنە بەرچاو کە بە باشترین شێوە گوزارشت لە جیاوازی نێوان بۆهاکانی خوێندن لە هەرتک قوتابخانە ئاسایی و سۆشیالیستیکاندا دەکات.” قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی گەلێ شتی فێر کردم کە هەرگیز لە قوتابخانەی گشتیدا فێریان نەدەبووم. فێربووم هەستی دروستم بەرامبەر بە هاوڕێکانم هەبێت. ئۆگەر سۆشیالیزم مانای هەستکردن بە خۆشویستی بێت بەرامبەر سەرجەم مرۆڤایەتی و ئارەزووی ئوە بێت یارمەتی مرۆڤ دەتەنگەکان بدەیت، بە دەزینەوەی ڕۆگەیەک تا لە داهاتوودا ئاسوودە و بەختیار بژین، کەواتە من کەسێکی سۆشیالیستم.”(١٠)

ئەنجام

ئەستا دوای تێپەڕبوونی سەدەیەک بەسەر ئەم بزووتنەوەیە، ئەمە قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی بەگەیەکە لەسەر بنەڕەتی بزووتنەوەی چینی کرێکار و هێزی سەرەکی چەپ و سۆشیالیستەکانە لە ژیانی کۆمەڵگەی سەرمایەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئەورووپا و ئەمریکا. ئەم قوتابخانەیە پێنگەدانەوەی خواستی ڕوون و ئاشکرا بوو؛ بە ئەخلاقی سۆشیالیستی و پەیوەندی نێوان ڕێکخراوی سیاسی و پێڕەوکانی کۆمەڵگە. ئەم بزووتنەوەیە سەرەتا گەرچی لە شارێک و لە تەنها دوو خوێندکارەوە دەستی پێکرد، بەڵام دواتر تەشەنەی کرد و زۆربەی شار و وڵاتە جیاجیاکانی گرتەوە و بوو بە بزووتنەوەیەکی بەهێز و تەنانەت سیاسی گرنگیش لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان. بزووتنەوەی قوتابخانەی یەکشەممانی سۆشیالیستی بەشێک بوو لە فەرهەنگی ڕادیکاڵی پۆرسێندوو کە جگە لەم بزووتنەوەیە، چەندین ڕێژنامەی ڕۆژانە و یانە و کۆ و فیستیڤاڵ و نمایشی لێخە دەگرت. لەگەڵ پۆرسێندی زیاتری ئەم بزووتنەوەیە و هەروەها سەرباری بوونی چەندین ئاستەنگ و کێشەی تەکنیکی و دارایی، سەرمایەداران ترسیان لێنیشت و کۆتنە هێرش و سەرکوتی ئەم بزووتنەوەیە و سەرەنجام پاشکشەیان بەو بزووتنەوەیە چینایەتییەی کرێکاران کرد.

ژێدەر و سەرچاوەکان

(١)شارتییەکان بزووتنەوەیەکی چینی کرێکار بوو ساڵی ١٨٣٦ سەریهەڵدا و لەنێوان ساڵانی ١٨٣٨ تا ١٨٤٨ زۆر چالاک بوو. ئامانجی ئەم بزووتنەوەیە بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی چینی کرێکار و ئەتەریتەی ئەو چینە بوو. شارتییەکان ناوی خۆیان لە پەیماننامەی خۆکەوە وەرگرتووە و کە هەر شەش ئامانجە سەرەکییەکەی ئەو بزووتنەوەیەی تێدایە.

(٢)فیدراسیۆنی شۆسیال دیموکرات، یەکەمین حیزبی سیاسی سۆشیالیستییە لە بریتانیا کە لە لایەن ه. م. هایندمان ەوە دامەزراوە و یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی خۆی لە ٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٨١ بەست و ئەوانەی پەیوەستبوون بەو حیزبە بریتیبوون لە ولیەم مۆریس، جۆرج لانسبۆری، جەیمس کۆنۆڵی و ئیلیانۆر مارکس. بەڵام فریدریک ئەنجلس ڕەتی کردەوە پشتیوانی ئەم پڕۆژەیەی هایندمان بکات.

(٣)مانگرتنی چەند هەزار کرێکاری بەندەر لە لەندەن لە هاوینی سالی ١٨٨٩ دەستی پێکرد لە ئەنجامی داخوازی کرێکاران بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کارکردن و زیاد کردنی هەقدەست. هەرچەند ئەوکات تەنها ٥% سەدا پێنجی کرێکاران لە یەکێتییە کرێکارییەکان ڕێکخرا بوون، بەڵام تیۆرتی ئابووری و هێرسوەاوی کرێکاریی توانی هەرێک لە جان بەرنس و وێڵیام تۆرن و ئیلیانۆر مارکس و هایندمان و جەیمس هاردی و هێنری شامپاین بهێنێتە پشت ئەم مانگرتنە و بەاوکراوەیەکی فەرمی یان نیمچە فەرمیش بەناوی زۆر لەیبر ئیلێکتۆر وەک زمانحاڵی کۆمیتەی مانگرتن، بەاو بکەنەوە.سەرەتا ٥٠٠ کرێکار ڕێپیوانایان دەستپێکرد و دوایی پەڕەی سەند بۆ بەندەرەکانی تر و بوون بە ٣٠٠٠ مانگرتوو. یەکێتییە کرێکارییەکانی ئوستراڵیا ٣٠٠٠ سی هەزار دۆلاریان نارد بۆ پاڵپشتی مانگرتنەکە و ئەمەش بوو بە هۆز و گوڕێکی بۆتین. دوای پێنج هەفتە مانگرتنەکە بە سەرکەوتن گەیشت و سەرجەم داخوازییەکانی کرێکاران بەدیهات. ئەم سەرکەوتنە بوو بە هۆنەی ئەوەی کە کرێکارانی بەریتانیا ووە لە ڕێکخراوبوون بکەن.

https://en.wikipedia.org/wiki/Socialist_Sunday_School-8&6&4

/https://againstthecurrent.org/atc071/p1985-10&7&5

-9
https://www.currentaffairs.org/2020/08/the-past-and-future-of-the-socialist-sunday-school

---

کە خەون دەبێتە وێنە،کە خەون دەبێتەشیعر.. ئەدیب نادر

هەوڵستەیەك لەسەر وڵستگەیەکی تری ئەزموونە شیعرییەکەی (سەباح ەنجدەر)

***شیعر وخەون**

ئەزموونی هەموو شاعیرێك بچەند و چوون خەون گەمارۆی دەدات، وەای ئەوەیش هەموو شیعرێك تا ئەو ادەیە لە خەوندا ەنەچووە تاکو

خوێنەر وا هەست بکات خەوتوویەکە و لەبریی خوێندنەوە خەون دەبینێ، خەونی بە پیت و فەڕ دەبینێ، کە هەنگدانەوەی ژیانێکی پڕ چالاکی و کامڵە، ژیانێك کە تژییە لە هەموو هەگەزەکانی هەڵکردن، ژیانێك (بەدەنگیی دەهێنتە دەنگ) و هێندە ڕاستەقینە و بەرهەستە (حەکایەتی مردن) لە تانوپۆیدا کەمێك لە حەکایەتی"ژیان درێژ تر ە".
جا لەبەر ئەوە شیعر بە سروشت وەکو خەون لە دوو ناواخن پێکهاتووە، یەکێکیان دیارە، ئەوی دیشیان نادیار، ناواخنە دیارەکە ساختومان و پەیکەرەی شیعرەکەیە کە وشە هەڵی دەچنێت، یانی واقیعە دەرەکییەکەیەتی، بەڵام ناواخنە نادیارەکە بەرجەستە نییە، بەڵکو وێنە و ئیماژ و سیمبوڵا دەیسکێنن، لە ڕێگای ئەمانەوەیە پەی پڕ دەبرێت کە وشەکان لە واقیعی دەرەکییەوە دەیقۆزنەوە و دنیایەکی نابەرجەستە، وەڵێ درکێنراوی پڕ ئافەریدە دەکەن. کەواتە شیعر، هەروەکو کێشیریج دەڵێت پێویستە بابەتێکی یەکگرتووی هەبێت و پێك هاتبێت لە دیار و نادیار، کە بە شێوەیەکی سۆزدارانە درك پێبکرێت و بە شێوەیەکی سەنتیمێنتاڵانەیش پێش بکەوێت و یەکێك لە کارفرماکانی ئەوە بێت کە واقیعی دەرەکیمان لەبەرچاودا دەوڵەمەندتر بکات. بێگومان، مادامەکی شیعری جیددی بە دوو ڕەهەند مەحکوومە، با بزانین داخۆ مانای خۆی لە کوێ هەڵدەگوزێتەوە و چۆن تەماشای گێتی دەکات و هاوکات چۆن دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لێی؟ لەو جوانییانەی کە دایان دەهێنێت و بە پێی ولیەم ڕای بەهاگەلێکی گرینگ بارگاوییە و لەو سەرسوڕمانە دانسقانەی کە دەیانبەخشێت و لەو وێنانەی کە دەستکاری سروشت دەکەن و بە شانازی و فیزەوە تێدەپەڕنن و لەو گوزارشتانەیشەوە کە پەردە لە ڕووی خەم و پەژارەو کۆڤانە مرۆییەکان هەڵدەماڵن ونەمرییان پێدەبەخشن،یان لەو وردەخۆشیی و ئاخزنانەی کە قووڵاییەکانی بنیادەمیان لێ پێاوپڕ دەبێت؟ چی لەو شتانە دێت کە شیعر دەبێتە جیهانیان، بێگومان بابەتەکان و ئەزموونەکان هەر بە تەنیا نابنە تۆپۆگرافیایەك لە کاغەز، تۆپۆگرافیایەك لە زمان و خەیاڵا و هەست و سۆزەکان، بەڵکو دەبنە هزر، دەبنە شتی بەرهەست وبێن دەکرێن، دەستیان لێ دەدرێت و هەستیان پێدەکرێت، دەبینرێن و چێژ و لەزەتیان لێدەکرێت.جا ئا لێرەوەیە کە شیعر مانا بە جیهان دەبەخشێت، ئەویش بە دەرخستنی ئەو پێوەندییانەی کە هەن و پێشتر درکمان پێنەکردوون. بەگەنەویستیشە کە بەبێ پەیوەندی نێوان شتەکان ئەو جیهانە وندەبێت، جیهانێکی ونیش خودانی مانا نییە. شیعر پێویستە وەکو بنیاتنانی ئەو دنیایە وابێت کە مرۆڤ – خوێنەر لە ناکاو دەکەوێتە ناوی و هەموو شتێك بێ ڕەکە، پێشتر نەدیتراوە، حەپەسێنەر و داکاسێنەرە، وەڵێ داخۆ هەموو شاعیرێك

دەکارێت ئەو دنیایە بنیاد بنێت؟ یان لە باشترین حاڵەت و باردا هەنگە شیعر بکەوێتە میانی دوو دنیاوە، کە نە ئەمەیە و نە ئەوەیشە، بەڵام"ئەو"ی خوێنەر دووچاری پشێویی و شپرزەیی دەبێت و نایەوێت لە شوێنکدا ئەوق و قەتیس بمێنێ، واتا گیرەدەی دۆخێکی سایکۆجی ئەوتۆ دەبێت کە ئاتاجی بەوە بێت بەسەریدا بازبدات و خۆی لێ قوتار بکات.
شیعر لەبەر ئەوەی مرۆڤ، بە پێی نیما یۆشیج، لەسەرزەویدا مەحکوومە بە هەموو شتێك و پێویستە بە ئەزموونیبکات، کەواتە ئەزموونە، یاندووبارە کردنەوەی ئەزموونەکانە، بە بۆئەوەی ئەزموونگەرایی بێت و هەمیشەیش بە پرسە کۆمەڵایەتی و ژیانییەکانەوە پێوەندیدارە، لە ژیان خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت و بە هۆی ئەویشەوە مانا و وێنە جۆراوجۆرەکانی خۆی دەئافرێنێ و دەسەڵات پەیدا دەکات،"ڕۆحێکە فۆرمێك دادەڕژێت"پتر لەوەی کە فێنەمێنەلۆژیای ئاوەز بێت، فێنەمێنەلۆژیای ڕۆحە ئەگەر بشێ ئەم دەستەواژەیەی گاستۆن باشلار وەربگرین، هەگری درەوشانەوەیەکی ناوەکییە، ئەو درەوشانەوەیەی کە دیدێکی"ڤیژن" ناوەکییانە لێی بە ئاگایە و دەری دەبڕێت. دیارە ئەزموون هەوڵێکی سەرومە بۆ سەپاندنی خود بەسەر بابەتدا، دەنگی دیار و بەرجەستەی ئیندیڤیدوالە،پێوەندییە بە دەروونەوە، بە کۆمەگاوە، بە مۆزووەوە، کەواتە بەم پێیە شتێکی خودییە، بەڵام یەکێکە لە هەندەکانی پێوەندی، یان پەیوەندی کردنە بە دەرەوەی خۆیەوە، یانی لەو ئەزموونە خودییە ئادەپسکێت و دەچێتە چوارچێوەی ئەزموونێکی مرۆییەوە. بگومان نوێبوونەوەی ئەزموون، نوێبوونەوەی شێوازی دەربڕین، نوێبوونەوەی هەوڵستی شاعیر بەرانبەر بە ژیان، چڕی زیاتر و توانای زیاتر و وزە و ترپەی شیعریی دەوڵەمەند تر بە بەرهەمەکانی دەبەخشن. نیما یۆشیج لە شوێنکدا دەڵێت: نوێبوونەوەی ئێمە، پەیوەستە بە نوێبوونەوەی پێوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو شتانەی کە پنتە تاریکەکان لەبەرچاوماندا ڕۆشن دەکەنەوە. بەمئاوایە شاعیری داهێنەر پەیوەندی نوێ لە نێوان شتەکان و مرۆڤ لە لایەك و لە نێوان شتەکان و مرۆڤ و جیهان لە لایەکی تریەوە بەرقەرار دەکات، چونکە هەمیشە مەبەستێتی خۆی لە نوێبوونەوەدا بەدیبکات و بە پێی پێڵا ڤالیریش شیعر بەر لە هەموو شتێك بانگەشتێکە بۆ بوونگەڕین. بە گشتی شیعر بە تەنگەوە هاتن و پەرە پێدانە بە ژیان، جارە کەبەرکێیەکی ئەو سەرسوڕمانانەیە کە خودئاگامان دەوروژێنێ و لەوە دووری دەخاتەوە کە بە خەواڵوویی بمێنێتەوە. بە گوێرەی تێفکرینی گاستۆن باشلاریش، ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین هەمان ئەو جیهانە نییە کە بیری لێدەکەینەوە، لەبەر ئەوە ئاتاجمان بە هەڵاتنە لێی، زەربەی جارەکان جگا بۆ

هەڵاتنەکانی شاعیر وڕۆگەکانی نووسینە، لە ڕاستیشدا لەو دنیایە هەڵدێت کە"برتۆلد برێخت"لەو باوەڕەدا بوو کە فرە دڵندە و وەحشەتناك و خەمۆکە، ئەو شوێنە نییە کە ئەو تێیدەهزرێت، بەبەزەییە، لە بەتەیدا هەست بە ناکامڵتی و گومگەشتەیی "Alienation" دەکات، دەنووسێت، نووسین ئەرکی ئەوە دەبینێت کە کەمەك و هاریکاری بکات هەتا بەرگەی ئەو وەحشەتناکی و دڵندەیی و تۆندوتیژییە بگرێت، ئیتر دنیایەك بە وشە دەئافرێنێت کە تێیدا هەست بە کامڵتی و هەبوون و بایەخی خۆی دەکات و هەستی غەوارەیی و ئەیلیەنەیشن تێیدا دەڕەوێتەوە،دنیایەك بەرەنجامی تێهزرینی خۆیەتی و پەی بەوە دەبات کە یەتەپیاکەی خۆی دڕیووەتەوە و ئیدی هەرگیز پێویست بەوە ناکات لێی هەبێت.

بۆگومان شیعر هەمیشە لە هەڵەتی خۆیدایە، هەمیشە لە گۆ و تینە بەراییەکانی خۆیدایە، هەمیشە خاوەنی وزە و تین و گوژمە سەرەتاییەکانی خۆیەتی، لە لایەنی هەڵچوونەکانیشییەوە، دەستاوێژکە بۆ مەعریفە پەیداکردن وکەشفکردن هەروەکو ڕۆجێ گاروودی جەختی لێدەکاتەوە، لەوانەیەشایەتحاڵی خەونێك بێت، یان خۆی خەونێکی خۆش و ناوازە بێت و چەند ساتەوەختێك وەرگرەکەی لە کۆژان و خەم و پەژارە ومەینەتییەکانی ڕۆتینێتی ژیان دوور بخاتەوە و لەو دڕەخەیش دووری بخاتەوە کە لە دەوراندەوریدا بەرجەستە کراوە، ڕۆگاش نەدات خوێنەر شتە جیددییەکانی خۆی لە یاد بکات، پێویستیشە هەمیشە ئەرکی ئەوە بێت دڵی بە ئاگا بهێنێتەوە، شتە لەبیرکراوەکانی بهێنێتەوە بەر دیدی زەینی و زیندووێتی بکات بە خەسڵەتی و قووڵاییەکی تازە لە ناخیدا بە ڕووناکیی بگەیەنێت، بۆ ئەوەی شادییە ڕاستەقینەکانی ئەو چرکەساتانە ببینێتەوە کە تێیدا سەرقاڵی خوێندنەوەیە، چونکە بۆ ئەو دەق ئاوێنەیەکە تەفاسیلەکانی بوون"بوونی ئەو" ڕۆشندەکاتەوە، یان دەبێتە ئەو شوێنەی کە لە هەموو شوێنێك زیاتر بۆ خۆی دەگەڕێت تێیدا، ئینجا بۆ دنیایەك عەوداڵ دەبێت کە لە دەوروبەریدایە. ئەو دنیایەی مرۆڤ شەیدایەتی خودی ئەو مانایەیە کە پەیجڕی گەڕان و دڕینەوەی دەکات، نەك هەر تەنیا لە ژیاندا، بەڵکو لە سروشت و ئەدەب و خەیاڵا و خەونەکانیشدا..دەشێت بۆ ئەوە بەدوای مانادا بگەڕێت هەتا لەوەوە مانایەکی پێ بە پێست بە بوونی خۆی سەرچاوە بگرێت، چونکە نزیکبوونەوە، یان دەستەبەر کردنی مانا وەکو ئەوە وایە لە بوون نزیك بێتەوە، یان بوونی خۆی دەستەبەر بکات.

ئەم دەستپێکە ژوورچەیەکی کورتە تا بە هەیەوە بتوانین ئاماژە بەوە بدەین بەشێك لە شاعیرانی هەشتاکان و نەوەدەکانیش هەوڵی ئەوەیان دا لە ڕۆگای ئەزموونگەراییەوە شوازێك بدڕزنەوە لە

کاریگەرییەکانی شیعری تراديسیۆنیی و شێوازی باڵادەستی پێش خۆیان بیان ڕەخسێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ئەزموونگەراییە دواجار بوو بە کەڵکەڵە و ئامانج ئیدی نیشانەی خۆی نەپێکا، بەگومان هەموو شتێکی هێنایەدی تەنیا شیعری جیاواز نەبێ، دەنگی زۆربەیش نەبووە خودانی تایبەتمەندییەکی ناوازە و هەر لەناو جاڕوجەنجاڵیی دەنگە تەقلیدییەکاندا قەتیس مان و بەدوای خۆیاندا سەدایان بەجێ نەهێشت. یەکێك لەو ناوانەی کە تابەحاڵا دوور و نزیك لەو تەقەللا و کێششە سەرومێ و ئەزموونکی سەرنجڕاکێشی نێوەندە شیعرییەکەیە و هەڵوەستەی خوێندنەوە بۆ خۆی دەستەبەر دەکات، ئەزموونی (سەباح ڕەنجدەر: 18/11/1965_ هەولێر)ە، چونکە لەسەر ڕەوتکی تایبەت بە خۆی دەڕوات و دەنگکی زاڵا لە ئەزموونە شیعرییەکەی ڕسکاوە و توانیوێتی پشت لەو ئەزموونگەراییە بکات، کە سەرقاڵییەکی زۆری ناوەتەوە و بەردەوام -یشە. دیارە بۆ ئەو ئەزموونگەرایی نەبووە بە ئامانج، بەڵکو بووە بە دەستاوێژ بۆ خۆدەزینەوە، بۆ هەڵگرتنی دەنگ و ئەزموونی تایبەتمەندی خۆی. ئەم شاعیرە هەر لە قۆناغە بەراییەکانی ئەزموونەکەیەوە دوالیزمێك بە فەزای شیعرەکانییەوە بەرچاو دەکەون، یان دوو ئاقاریی و دووڕوبەرییەك دەخەنە ڕوو، یەکێکیان تابڵێی ڕوون و خۆ بەدەستەوە داو و ئەوەی دیشیان تابڵێی لێڵا، سەخت و خۆبەدەستەوە نەداوە، کە ئەمیش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە مەعریفەیەکی کەمی تیۆرییانەی زمانەوانییەوە هەوڵی داوە خۆی لەو واژەنامە سنووربەند و دیاری کراوەی نێوەندەکە بدزێتەوە و هەوڵی بەزاندنی سنووری زمانیشی داوە، بەگومان هەمیشەیش هەوڵەکانی ئامانجیخۆیان نەپێکاوە و تەمومژ یەخەیان پێگرتووە، جگە لەوە فەرهەنگکی بسنوور و پاڵپشتەکراوی کردووە بە دەستاوێژ و کەرەستەی مامەڵە کردن بۆ نووسینی شیعر و بەردەوامیدان بە ئەزموونەکەی کە تاڕادەیەك کەمەکی ئەوەی کردووە ڕەنگکی تر بە پاڵتە شیعرییە لێکاڵینەکان ببەخشێت و ئاسۆیەکی دی بەو هاماجە بدات کە ئەزموونە جیاوازەکانی تێدایە. ئەزموونی ئەو شتێکی خوازراو نییە، بەڵکو داهێنانی ژیانەکەیەتی، تێکەڵا نابێت بە ئەزموونی هاوسەردەمەکانی، چونکە خاوەنی سنووڕەکانی خۆیەتی و لە نێوانی تایبەتمەندییەکانی خۆی و دەڕەوەی خۆیدا جێگیری کردوون. دنیاکەی ئەو تایبەتە و جیاوازییەکەیشی بەرجەستەیە، تەنانەت ئەو بابەتانەیش کە سەودایان لەگەڵدا دەکات لە جوغزی بابەتە باو و سوونەتییەکاندا جێگا بۆ خۆیان دەستەبەر ناکەن، ئەگەرچی سەرباری هەوڵە بڵێبڕەکانی هێشتایش تەواو خۆی لە بونیادی کلاسیکییانە و ڕەمانسییانەی زوبان ڕانەپسکاندووە، بەڵام تاڕادەیەك توانیوێتی خۆی لە دنیابینییە سوواوەکان دابڕێت و بە شێوەیەکی گشتگیرانەتر

به ژیان و مرۆڤ و بوونەوەرە پەیوەست بێت. بۆگومان ئەو بە دید و تێڕوانینی کەسی دی شتەکان نابینێت، بەڵکو بە دیدی ڕۆشن و وردبینانەی خۆی پەیان پێدەبات و کەشفی دیکەیان بۆ دەکات و لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتییەوە چاودێری شتەکان دەکات و لەناو تێکستەکانیدا بەرجەستەیان دەکات، سەفەر لە تانوپۆی وشەکاندا دەکات، وشەکان جوگرافیای تایبەتمەندی دنیایەکن،لە مانای فەرهەنگیی خۆیان داماڵراون،نائاسایین، بەڵام شیعر پێتێنەرە، بە مانای نادژەباو دەیانپێتێنێت و بەمەدلوولی دیکە دەیەوێ فرچکیان ببڕێت، بۆیە ئەو مانا شیعرییە تازانە وای لێدەکەن بە تاسەو مەراقەوە سەفەرەکانی ئەنجام بدات و هەر گەشتێکیشی لە گەشتەکەی پێشووی جیاواز بێت و تامو بۆیەکی تری هەبێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین نووسین سەفەرێکی هەمیشەیی ئەوە، وەستگاگەلێکی زۆر و زەبەندی تێدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی خود لە بوونگۆکیەکی بچەند و چوونداید بۆیە بەردەوام پێویستە لەسەری وەستگاکان بەجێبهێڵێت و دووبارە تاسەی بینینی خود بە شێوە جیاوازەکەی کەکەەی گەمارۆ بدەن. کەواتە کێچکردن بۆ دۆزینەوە و ئاشنابوون بە خود و شتەکان خودی نووسین خۆیەتی، هەر بۆیە لە ژیانی ئەودا نووسین ئەو نیشتیمانەیە کە ناسنامەی دەداتێ، مادامەکی ئەو بەردەوامە لەوەی مامەڵە بە وشەوە بکات، ئینتیمای هەیە و خاوەنی نیشتیمانە، چونکە نووسین بۆ ئەو هاوتا و هاومانای هەموو شتێکە. بەم پێیە هەموو نووسینێك بۆ ئەو شوێنکی تازەیە، کە دەقێك دەنووسێت دەگاتە شوێنکی تر یان وەستگەیەکی تر، بەڵام بڕهەدادان بەجێدەهێڵێت، چونکە قووڵا لەناخی خۆیدا دەزانێت ئەوێ ئەو جێگایە نییە کە ئەو نیازێتی و ئیدی گیرۆدەی شوێنکی تر دەبێت کە لە خەیاڵگەیدا هەڵ و ڕایەڵەکانی شەقڵا دەگرن، ئامانجیش هەر یەك شتە دەبێ هەوڵەکانی سەرلەنوێ بخاتەوەگەڕ هەتا پێبگات، بێ شك بێ ئەوەی دووبارە بەجێبهێڵێتەوە، دووبارە بەدوای شوێنکی تردا بگەڕێتەوە، وەکو بڵێیت پێشوەخت بزانێت گەیشتن بە جێمەبەست کوشتنی خودی مەبەستە، بۆیە ڕاوەستان و ستاتیك بوون لەسەر ڕووبەری یەك دەق و گەیشتن و جێگیر بوون لە وەستگایەك ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ئایا تێدەپەڕێنێ؟ بۆگومان هەموو هەوڵێکی بۆ تێگەیشتن و درکێکی زیاتر و باشترە لە خود و مرۆڤ و دەوروبەر، کە دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە خودی خۆی بەرهەمدا بکات، یان ئەو خودئاگایی و ویژدانە بەرهەمدا بکات کە لە تووناوتوونەکانی ناخیدا ئەوق و مەڵاسە، کە ئەمەیش کۆمەکی خوێنەر دەکات پتر لە خودی خۆی حاڵی بێت و بە ناواخنێکی دینامیکیزیندوو بێت، تیشکێك لەناخیدا هەبێت هەتا ژینگەکەی خۆی پێ بەدیبکات، ژینگە وەکو خۆی کە هەیە، هەقیقەتەکەی ئەگەرچیش تاڕا و

ئازاربەخشە، ئەگەرچیش بۆزارکەر و بۆزەوەر و قۆزەوونە، نەوەك ئەو دەمامکانەی تۆهەبکۆشێت بۆ ئەوەی هەست بەوە بکات کە شتێك لە ژیانی ونە و لە سایەیدا هەست بە ونیی و ناتەواوییەکەی بکات. لە سۆنگەی ئەمانە و گەلێك شتی دیش کە باس لە دیمەنی شیعرییمان دەکرێت، هەوا نییە و نایشکرێ سەباح هەنجدەر جەمسەرێکی ئەم دیمەنە پێك نەهێنێت، چونکە ئەو لە گۆشە و ئەزموونێکی جیاوازەوە هاتووەتە ناو دیمەنەکەوە و پشتگوێ خستنیشی سێیەمەوەی یەکێکە لە هەنگەکانی کۆلکەزێرینە و کاری کردە نییە و دیمەنی شیعرییش هەرگیز کامڵا نابێت ئەگەر دەنگەکان و ئەزموونەکان کۆپی و هاوچەشنی یەکدی بن و هیچ جیاوازییەك لە نێواندا ئامادەیی نەبێت، لە کاتێکدا جیاوازبوون شەرتبەندیی سەرەکییە و تا ئەوپەڕی لە دامەزراندنی دیمەنێکی شیعریی کامڵا و تەندروستدا بایەخدارە.

***وێستگەیەکی تری ئەزموون**

لەدوا کۆشیعریدا کە"سروودی زەوی، لە بۆاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بۆاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر 2012 "یە سەباح هەنجدەر جارێکی تر ئەو کۆنسێپتە تۆخدەکاتەوە و ژاوەژاو و هەراوهوریا بۆکۆتاییەکانی ئەم جیهانە بەسەروبەروجەنجاڵەوە بەووی ئاستەنگی جیاوازبوون دەبێتەوە، جیاواز بوون لەسەر ئاگاکەیدا ئاستەنگێکی تابۆیی زەبەللاحە، چونکە بەرزبوونەوەیەکی کەمی هۆشیاریی خودیی بەرگرییەکی توندی دژی شیعر هێناوەتە ئارا، مەیلێکی ئەوتێیش لەناوەندەکەدا پەیدا بووە کە دەیەوێت هەموو شتێك ووە لە لۆژیکگەرایی بکات و هیچ حیسابێکیش بۆ ئەوە ناکرێت کە شیعر لۆژیکی تایبەتی خۆی هەیە و خۆسکێتی و عەفەویەتی خەون بەسەریدا زاڵە و ناتوانێت بە لۆژیکێکی جیا لەوە بارگاوی بکرێت و لە هەمانکاتیشدا ناسنامەی خۆی بپارێزێت و نەبێت بە شتێکی دی. دیارە کە ئەم کۆشیعرە دەخوێنینەوە بەر لە هەر شتێك پەی بەوە دەبەین کە ئەو لە پێناژە شیعرییەکەی خۆی بەولاوە ئەفیلییەتی"ئینتیما"بۆ هیچی تر نییە، کاتێکیش بمانەوێ باس لەم وێستگە، یان ئەزموونە بکەین، ئیدی پێ دەنێینە ئاقارەکانی ئەزموونێکی تاکمەندانەی دانسقەی پێاوپێ لە خەونی گچکەی گچکەی مرۆڤە ئاستەقینە تاڕادەیەك نادیارەکان، کە چەشنی پێناژەیەکی خولیادار لە تۆپۆگرافیای شیعریی نەدێزراوە دەگەڕێت و دەبێ ئەمەیش کەشفی ئەوە بکەین بۆ ئەوەی بزانین لە کوێدا دێنەدی. لەم کتێبەدا تێکستە شیعرییەکانی هەوڵی ئەوە دەدەن بەرەو مەودا دوورەکان بمانبەن، بۆ شوێنێك دەمانبەن کە لە ئەزموونە تایبەتمەند و کەسیانەکەی شاعیرەوە بەرجەستە دەبێت، یادەوەری خۆی و دینامیکییەتی ئێستای ئەو واقیعەی کە گەمارۆی

دەدات ئیحای شیعرەکانە و خودی خەیاڵکی سوریالییانەیش کە مەحاڵە لە دەق بکرێتە دەرەوە، چونکە بە ئامکەری یادەوەری و کەی شتەکانی تر دادەنرێت و بە ڕاحی سەرجەم شتەکانی جیهانیش جەستەی تێکست لۆوانلۆو دەکات و ژیانیان پێدەبەخشێت، ژیانێك کە ئامانجی تەنیا نامکردن و سەرسامکردنە.

بگومان ئەوەی بەدیقەتەوە لە ئەزموونی ئەم شاعیرە ئابمنێت ئاسانە وەستگا سەرەکییەکانی جیاکار بکاتەوە، ئەگەر چی (زەوان – 1988) دایکی ئەزموونەکانێتی و تا ئێستایش لەوەوە دەقەکانی دانگەزە دەکەن و ئەوە سەبەری ئەوە، کە درێژە بە نووسینی دەدات و ەنگی خەی بە سەرپاکی وەستگەکانی تر دەدات و ئەم ئەتمسفیرەیش دووبارە دەبێتەوە، کەتوبەندی ئەو سەروبەندەی ژیانی هەدەگرێت و لەژێر کاریگەرییەکەیدا پێسەی نووسین بە ئەنجام دەگات و کاردەکاتە سەر شێوازی نووسین و زمان و بابەتەکانی، بەام پاش ئەم دەستپێکە بەرجەستەیە پەنادەباتە بەر ئەزموونکی دیکە، ئەویش ئیشکردنە لە زمان، زمان وەکو جەستەیەکی خاڵی، بیە شەکییەتك بەرهەم دەهێنێت و هەر دەشبێت وەکو شەکك مامەەی لەگەدا بکرێت و پەیجەری هیچی لێنەکرێت، بجگە لە نامکردن و سەرسامکردنی خوێنەر بەو شەکەەی دووبارە دەبێتەوە و دەلالەتی ئەوەیە کە سەباح لەناو قەیرانی ب ناوەکی و ب بابەتی دا نوقم بووە و شیعر لەلایدا بەدوای زماندا دەگەێت و خەی لەودا دەبینێتەوە.جاروباریش ئەم ئەزموونگەراییە زمانییە یەخەگیرە و بنبەستیی بە بەرهەمەکانی دەدات، چونکە زمان لەگەا بوونە ئاساییەکەی خێدا مەودا وەرناگرێت و ەنگە خەی تەنیا لەوەدا ببینێتەوە کە جگەکێ بە کنتکستی دەستەواژە و دەە شیعرییەکان بکات و ئامانجیش هەر وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا نامێ کردن و سەرسامکردنە و هیچی تر. بگومان ئەم مامەە کردنەی ئەو لەگەا زمان، ئەودیو، یان ناوەوەی زمان بەرهەم ناهێنێت،تەنیا تەعبیر لە خودی خەی دەکات و بەس، واتە هەر تەنیا نمایندەی خیەتی و هیچی پ نییە..ئەمەیش لە سێنگەی ئەوەوە ەنگە سەرچاوە بگرێت کە هەوەی خوقاندن و دامەزراندنی ەمزەکانی خەی نادات و هەست دەکرێت ئاوێتە کردنك لە میان ەمز و تەمومژدا بوونی هەیە و جگەکێ دەکەن. سەرەنجام جیاکردنەوەی ەمز و تەمومژیش مەحاا نییە، چونکە لە کنتکستی دەقدا هەردوو بە شێنەیی بەدیار دەکەون و کە ئەوەی دووەمیان کاریگەرییەکی نەگەتیق بەسەر هەموو ئەزموونکدا بەجێدەهێێت و خوێنەر توانای ئەوەی نابێت تەماس و پەیوەندییەکی دیالەکتیکییانە لەگەا ناوەوەی زماندا ببەستێ، سەرباری ئەوە بە دەرەوەی زمانیش نامێ دەبێت، یانی ئەزموونکی لە مانای ناوەکیی بیەریی و لە مانای دەرەکیی، یان

شەکێیش بێبەریی، ئەمەیش لە بێچوونیدا نموودێك بێ ئەو ئەزموونە گەڵە ناکات. ئەمە تا ئەزموونی (سەدویەکشەوە) درێژەی هەیە و لەوێدا تێپەڕاندنێك بێ ئەم بار و هەوشەی نووسین بەرجەستەیە و پاش ئەوە گەڵانەوەیەکی تر هەیە بێ خاڵی سەرەتا. بێگومان(نیما یێشیج) وتەنی: هەموو بەرهەمێکی هونەری بە هێی بەرهەمە پێشینەکانەوە پاراو کراوە. ئەم ئەزموونە ئاڕاستەیش بێشك کاریگەری ئەزموونی تر بە شێوەیەکی جیا تێیدا هەنگی داوەتەوە و هەگوێیشەی دەچێتەوە سەر شیعری کلاسیکی کوردی و (گۆران) و (فۆلکلۆری کوردی) و (کەلەپووری گۆرانی) و (ئەفسانە) و دواجار دەچێتە سەر (شیعری جیهانی)، لە لایەکەوە نەفەسی نەفرەتئامێزی بێدڵێر و زمانی پەردەپێشکراوی سان ژێن پێرس و لە لایەکی ترەوە ئیلیەتی ئیماژگەرا و هەندێك هەگەزیان لێ وەردەگرێت، وەکو هەگەزی زەقکردنەوەی نەست و بازدان، یان گواستنەوە و قاوغ کردنە بەر زوبان و وەرگرتنی مەودایەك لەگەڵا زمانی باو و هەوێدان بێ خوێقاندنی هاوتاییەکی بابەتییانە و دواجاریش تەکنیکی گێانەوە، ئەمانەیش لەو مامەڵەیەدا بەرجەستە دەبێت کە ئەو لەگەڵا زمان و بەکارهێنانەکانیدا دەیکات ، لەگەڵا تەکنیك و بەکارهێنانی وێنە و بیرکە و کێنتێکستەکانی نووسیندا دەیکات و بەشێوەیەکی دیکە کاریگەرییەکە لەو چێوپێیەدا دەردەکەوێت کە دەقەکانی دەستەبەر دەکەن و بە چەند قۆناغێك و چەند تێکەکێش کردن وگرێدانێکی پاش و پێش کە لێکدانێکی لێژیکی پێکەوە دەنێن و ڕێشناییەك بە دەستەوە دەدەن، کە ڕێشنایی مانایە، یان گەمەی پاش و پێش خستنی وشەکان و دۆخەکان کە زەرجار هێك و سەیر دێنە بەرچاو و ئەرکی خوێنەرە کە دایبڕێژتەوە و سەرەدەرەی تیمەی شیعرەکان بکات و مانا هەڵێنجێ و چێژ و لەزەت دەستەبەر بکات. دیارە دنیای واقیع هەمیشە لە دنیای شیعر بچووکترە بێیە هەمیشە تێبینیی ئەوە دەکەین کە شیعر بوونەوەرێکە سەرلەبەری دنیا بچووکەکان لە هەناویدا جێدەدات و وێنەی جیهانێکی بێ مانا ناکۆشێت، بەڵکو کەشفی بەمانایی دەکات و ناوی مانای نادیار دەکات، بێگومان لە پێناوی گەیشتن بە خود ئەویش لە ڕێگای خەیاڵەوە، بە نێو خوددا ڕێدەچێت، پەی بە نادیار و شاراوەکانی دەبات، لەو ڕێگایانەیشەوە تەقەللا دەدات ڕۆح بخاتە بەر تیشکی ئەو جیهانە ڕەوشاوەیەی کە بیری لێدەکەینەوە، چونکە ئەو لەبارەی ڕۆحەوە نانووسێت، بەڵکو لەبارەی ئەو گۆوکێپە و بڕسەیەوە دەنووسێت کە لەناو ڕۆحدا پەنامەکە، هەروەکو کازانتزاکیس دەڵێت: خودی ئەو گۆوکێپەیە داینەمۆی نووسینە، داینەمۆی ژیانە، داینەمۆی هەموو هەوڵا و کۆششەکانی مرۆڤە. بێگومان"سرووودی زەوی"دەمانکات بە خودانی چرکەساتێکی دانسقەی ئەزموونێکی مرۆیی و ئەو نهێنییانەی کە

لەناو ترپە عاشقانەکانی دڵکدا خۆیانمان ئامادەست دەکەن. لە فەزای شیعرەکاندا پەی بە بوونی ئاسۆیەکی جیاواز دەبرێت، چ لە ڕووی وێنە و چ لە ڕووی فەزای شیعرییەوە چ لە ڕووی ئامراز وتاکپەیقەکانەوە کە تادێت مەودای بەرفراوانتر دەگرنەخۆ، چ لە ڕووی مامەڵە کردن لەگەڵا بابەت، یانفەرم، یان ڕیتم، چ لە ڕووی دنیابینییەوە، کە گۆشەنیگا جیاوازەکانی بەرهەم هێناوە. لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت لە دەقەکانی شاعیرڵکدا دیاری بکرێت بە شێوەیەکی گشتیی لە دوو جەمسەر، یان تەوەردا خڕی سێنتەریزە دەکات، هەروەکو میشێل ئۆتان لە"سیمیۆلۆژیای خوێندنەوە"دا بڕی چووە و دەستنیشانی کردووە، ئەوانیش:

***شوێنەکانی یەقین.**

***شوێنەکانی گومان.**

***شوێنەکانی یەقین و شوێنەکانی گومان**

بڕگومان لە جەستەی دەقدا هەمیشە شوێنەکانی یەقین ئەو شوێنانەن کە زۆرترین ڕوونی و ئاشکرایی و زۆرترین دەرکەوتن بە خۆوە دەبینن و دەکرێ یاریدەدەربن بۆ چوونە ناو فەزای دەقەوە. بەڵام شوێنەکانی گومان پنتە تاریکەکانە، تەمومژەکانە، سیمبوڵە نادیارەکانە، ئەفسانە لێکنەدراوەکانە، ئاماژییەکانە، لوغزە هەڵنەهێنراوەکانە و ئەو جێگایانەشە کە ناتوانین لەناو تێکستدا پێکیانەوە ببەستین و پێوەندییان لە نێواندا دروست بکەین، ئیدی ئەمەندە ئەستەم و داخراو دەردەکەوێت وا لە خوێنەر دەکات ناچاری ئەوە بێت کە پشتیاری هەندێ گریمانە بکات بۆ لێکدانەوەی ناواخنی جۆراوجۆری دەقەکە و هەندێ جاری دیش دەرخستنی چەند تەئویل و ڕاڤەیەکی جیاواز بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی گونجاو و بەجێ. با بە زاراوەکەی"یاوس"، واتە"ئاسۆی چاوەڕوانی" لێکبدەینەوە،دەکرێ بوترێ لە هەندێ شوێندا"ئاسۆی چاوەڕوانی" خوێنەر و دەق کارلێك دەکەن و یەکدەگرنەوە، یانی تێگەیشتن و هاوگونجان دروست دەبن، (شوێنەکانی یەقین)..لە هەندێ شوێنی دیشدا"ئاسۆی چاوەڕوانی"خوێنەر و دەق کارلێك ناکەن و پێکەوە ناگونجێن، ئیدی لە دەرەنجامدا تێنەگەیشتن و نامۆبوون و نەگونجان بەرانبەر بە تێکستەکە دێتە کایەوە، ئەمیش واتە (شوێنەکانی گومان).لێرەیشدا هەوڵا دەدەین لە هەندێ جێگادا تاڕادەیەك پەیەوی لە"شوێنەکانی یەقین"بکەین و تەنیا دیاریان بکەین بە بڕئەوەی خۆمان لە ڕاڤەکردنەوە و چوارچێوەدانێژ کردنی دەقەکان بدەین. لە زۆرینەی شیعرە بەرهەم هاتووەکانی ئەم سەروبەندەدا زمان و بنیادەکەی بوونەتە خودی دەق، زۆر شاعیریش بە بەردەوامیدان بە نووسین ئامادەییەکی چوست و چالاکیان لەناو دیمەنە شیعرییەکەدا هەیە، بەڵام سەرەنجام هەموو شیعرێکی تازەیان

هەر تەنیا شیعرێکی تره و ژمارەیەکی تر لە کەلەپووری شیعریان دەچێتە سەرەوە نەك جارێکی جیاواز و نوێی گوزارشتکەر بێت لە ئەزموونەکانی شاعیر خۆی، بەڵکو پەی بەوە دەبرێت کە دووپاتکردنەوە و کۆپیکردنی ئەزموونی یەکدییە، یان ئەزموونی شاعیرێکی جیهانییە و جوینەوەی ئەو شتانەیە کە دیتران خواردوویانە. دیارە بەشێکی زۆر و بەرچاوی شیعری هەنووکە خۆی لە قووڵاییەکان بەتاڵدەکاتەوە، لەبەر ئەوەی لە قووڵاییەوە سەرچاوە ناگرێت،تەنیا و تەنیا ووکارێکی دەرەکییانە پێشکەش دەکات، بۆیە ئاکام هزرێکی شیعرییانە و شیعرییەتێکی جیاواز دانامەزرێنێت، ئەمەش لە هەقیقەتدا قەیرانی شیعری ئێستایە، سەرنج دەدەین زمان هیچ جارە گۆڕانکارییەك بە خۆیەوە نابینێت و هەموو دەقەکانی تاقە شاعیرێك سەروبن بکەین زمان هەر خۆیەتی و هەمان ڕۆحی خاو و سادەی خۆی دووبارە دەکاتەوە و هەستی ئەوەمان پێنابەخشێت کەوا شتێکی نوێی پێیە و ڕۆحێکی تازە دەبینێت و بە ڕووی مانادا کراوەیە و دنیایەکی جوداواز دادەمەزرێنێت. بەگەنەویستیشە کە خاوەنی دەقێکی زۆر و زەبەندین، بەڵام دنیابینیی و ئەزموونی تایبەتمەند و ئەتمۆسفیری کەسیی لەو دەقانەدا ئامادەییەکی زۆر کەمیان هەیە، دیارە کە شیعریش، ئەگەر لەمانەوە نەسکێت ئەوا بڕشایەکی بڕتانوپۆ بەرهەم دەهێنێ و بە هیچەوە پەیوەستمان ناکات. بە کورتی لەبەر ئەوەی لە هیچێکەوە سەرچاوەی نەگرتووە و هیچ پێوەندییەکی بە ئەزموونی کەسییەوە نییە، ناتوانێت هاوشێوەی خەونێك خوێنەر دزە پێبکاتە ناو بڕتەی خۆیەوە، ئیدی کردەی شیعریی کردەی سەرەکییە لە دەقی شیعرییدا و هیچ شتێکی دی پاساوی بوون و نووسینی ناداتەوە، بەڵام چۆن چێنی شیعر بە بێ ئەزموونێکی خودیی خۆی دێنێتە دی و زیندوویش دەبێت؟

***دیارترین شوێنەوارەکانی ئەزموون**

بەگومان دەتوانین بڵێین دیارترین شوێنەوارەکانی ئەزموونی سەباح، خۆی لە دیمەنە شیعرییەکەیدا بەرچاو دەخات،کە خۆی لە خەون وخەیاڵا و گۆرانی و دەست و دۆزمن و دەوروبەر و باڵندە و سروشت و منداڵەکانی خۆی و هەمز و ئامرازە ئایینییەکان و منداڵیی دا دەبینێتەوە و لە میانەی وێنەوە دەجووڵێتەوە و سەرەنجام بێ ئەوەی لە پڕسەسی خوێندنەوەدا، کە گەڕانێکی پڕ چێژ و سوودمەندە بێ مانا خۆی بگۆڕێ و ببێتە بیرکەیەکی بەرجەستە پێویستە ئاوەز بێ وێنەیەکی زەینیی وەریبگرێت، چونکە:

لە ئاوێنەی نووسیندا دەستێك دەبینین
جێگرەکێ بە دەنگ و بێدەنگی دەکات سروودی زەوی: ل6

لەم ئەزموونەدا، ئەگەرچیش لە خۆی و ئەوانی پێشووتری فرە دوور نەکەوتووەتەوە، کەچی سەربار بە ئاسۆیەکی تازەی دنیاکەی خۆی دەماناسێنێت، لە شەقامی دژوار و ناسکی شیعر هەنگاو دەنێت و دەیەوێت بەرەو پێشەوە تەکان بدات و هەر لەو ڕێگایەشدا زیندەگی خۆی بەدی بهێنێت، هەناسە گەرمەکانی، تاسە و حەسرەتە بێدواییەکانی ئامادەییان لە فەزای تێکستەکاندا هەیە و خاوەنی زیندەگییەکی لێوانلێوە لە هەستیاریيە مەعنەوییەکان و جیایە لەو ژیانەی کەخەڵکی ئاسایی دەیگوزەرێنن. لە کۆ ئەو هەستیاری ویادەوەری و وردەکاری و تەفاسیلانەیش کە لە ئاوەزیدا گەنجینە کراون دەقەکانی شەقڵا دەگرن و دێنە ئاراوە:

پووشی قەراغی ڕێگا خەواڵوون
ئەسپ بە ماتی بە تەکیاندا دەڕوات
.....
.....
تەمەنی جوانوویی لەناو دڵکی دەم تیژ و نزیك گورگ گوزەراندووە
سەر ڕادەوەشێنێ و چاو هەڵدەبڕێ سروودی زەوی: ل9
ئەڕۆخەر بە پێستاڵیان بە پێڵاوی ئاوریشم بۆ لامان دێت
سروودی زەوی: ل5

***وێنە شیعرییەکانی ئەم ئەزموونە**
لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا لە شیعرێکدا چەندین جار سەرنج دەدرێت کە گواستنەوە لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی تر زۆرجار ڕوو دەدات، هەندێك جار پەیوەندی لاوازوکزی ئەم وێنانە پێکەوە و دەرچوونیان لە کۆنتێکستی ئەسڵیی دەق، هەناسەسواری نەك هەر بە دەقەکە، بەکو بە خوێنەریش دەبەخشن، چونکە ئالوودەبوون و پابەندبوونی فیکری خوێنەر کتوپڕ شەقار دەکەن و دوای چەند وێنەیەکی هەندێکجار دژ بەیەك دێنەوە سەر بابەتە ئەسڵییەکە و ئەمەیش بۆ ئەزموونی دەقێکی جیاواز زیانمەندە. ماکلیش لە کتێبی"شیعر و ئەزموون"دا دەڵێت: لە هونەری شیعردا ئەوەی کە مانا بەدی دەهێنێت پێوەندییەکی تایبەتییە لە نێوان وێنەکاندا، یان وەکو ئەو ناوی دەنێت هاوسەرگیریی وێنەکانە، سەرەنجام ئەوەی دەردەکەوێت لە کێی گشتیی شیعرەکە، یان یەکێتیی بابەتیی وێنەکان یەك مانای هاوبەشە کە لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند مانایەك پێوەندییان پێکەوە پەیدا کردووە، پەیوەندی ئەو شتانەی کە هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نییە، ئەوەیە کتومت مانا لە شیعردا، مانای جەوهەرییانەی هونەریش کتومت ئەو پێوەندییەیە، چونکە دەبێ پەی بە دەقێکی دیکە بەریت، دەرك بەوە بکەیت کە هەوڵەکانی شاعیر

بۆ بەرکەماڵا دانە بەو دەقە پەنهانە، مەبەست ئەو دەقەیە کە بەڵەسەیە و دەبۆ لەکاتی خوێندنەوەدا بگیرێت و واژە لە مانا پانوپۆڕتر نەبێت و هەر وشەیەکی جەخت لێکراو وشەیەکی دی دابنێت تا ئەو دەقە پەنهانەی بۆ دروست بێت. لەم وێستگەیەدا، (سەباح هەنجدەر) هەسەنێتی بە ئەفسانە تایبەتییەکەی خۆی دەدات، کە بە درێژایی ئەزموونی نووسینی خۆی هەوڵی داوە بنیادی بنێت. لەڕاستیدا ئەمە هەوڵێکی گەورەترە بۆ چەسپاندنی سیمبوڵەکانی، ئەو سیمبوڵانەی کە بە هۆیانەوە پێوەندییەکی تۆکمە و پتەوتر بە ئێستا و سەروبەندەکەیەوە دەکات، ماڵی شیعر ودنیابینییەکەی خۆیشی دەوڵەمەندتر دەبێت.دنیابینیی شیعرییش، هەر وەکو دکتۆر عەلی جەعفەر ئەلعەللاق دەڵێت: هاوکووفی خەونە، هاوکووفی دیدی سۆفیانەیە، ئاوێتە بوونە لەگەڵا بوونەوەردا، یەکانگیر بوونە بە شتەکانی یونیڤرسەوە. ئیدی ئەو لە هەوڵەکانیدا بۆ هێنانەدی شیعرییەتێك دەگەڕێت کە ئەوەی پێشووتری تێپەڕێنێ و بیگەیەنێت بە ئاسۆگەلێکی تازە و مەوداگەلێکی بەرفراوانتر، چونکە بۆ ئەو ئێستا ئەو شیعرییەتەی قۆناغەکانی پێشوو بووەتە شتێکی نادژەباو و تراديسیۆنیی و ئەگەر تێی نەپەڕاندبێت واتا بەر لە هەموو شتێکی ئاسۆی شیعریی خۆی بە سنووربەندیی بەخشیووە و مەوداکانی کورت و هەهەندەکانی کەم کردووەتەوە:

جوانی لە بارێکی شەژاودا خۆی پیشاندام

دەموچاوی سروشت بە ئاسانی ئەشکەنجە دەدرێسروودی زەوی: ل32

***ئیگۆی هەڵئاوساوی دووپاتبووەوە**

پێموایە (سەباح هەنجدەر) لە تانوپۆی دەقەکانیدا خودی خۆی بەرجەستەتر، تۆختر، هەڵئاوساوتر بەدیار دەخات لەوەی کە هەیە، ئەو خودەی کە لەودیو فۆرمەکاندا کاڵدەبێتەوە، زۆرجار لە کات و شوێن هادەپسکێت، یانی کات و شوێن لەناو دەقەکاندا ئامادەییەکی پەیگیریان نابێت، ئیدی ناسنامەی ئەو خودە لەو بارودۆخەدا بەرجەستە دەبێت کە تێیدا شەقڵا دەگرێت هەروەکو کیتسی شاعیر بۆی چووە. وشدەچێت وێنە شیعرییەکانی، لایەنی کەم بەشێکیان سەلیقەی خەون، نەوەك هۆشکی فرەئاست و فرەهەند دایان بتاشێت. بگومان بۆ وێنە سادە و ساکارەکان هیچ پێژەیەك لە ئارادا نییە، گاستۆن باشلار وتەنی هەر تەنیا باڵەفڕەیەکی ڕۆح پێویستە و هیچی دی، ئەو پێوەندییانەیش کە لە نێوانی وێنەکاندا دەسکێن پێویستە لە سەرکەوە خەون و خەیاڵا، لە سەرکی تریشەوە هۆشکی هەتا بڕێیت درەوشاوە بیانچنێت. پێویستیشە وێنە هەستەکی و وێنە هزرەکیی و وێنە سادە و وێنە هاوجومگەییەکان لە کۆمەڵك شوێندا پێك بگەن،

بچنه ناو پەوەندییەوە، یانی لەژیکەکی شیعریی تەکیان بئانن و جەستەی دەقە شیعرییەکە ئامادە بکات، وێنەیەك وێنەیەکی دیکەی لێ بێتە بەرهەم هەتا هەست بەوە بکرێت، کە شیعرەکە بۆشایی نەیهێناوەتە بەرهەم، بەکو ئەزموون نووسیووێتییەوە ئەگینا ئەو پەوەندییە بوونی نابێت و بەشە کان گشتێك پێکناهێنن، جا ئەوسا سەرلەبەری وێنەکان لە هاماجێکی ناشیعرییانەی خاێیدا دەخولێنەوە و نە جوانییەك، نە مانا و پەیامێکیش بەدەستەوە دەدەن:

لە خەو هەدەستم بلووزی تێ لەبەر دەکەم
تا گوێ لە کۆانی هێلکە و چای ناو کورەی دیوار بگرم
دوو چاوی گەرم کە شکێی دایە حەوای تێدا پارێزراوە
نان و ئاوم لە پێش دادەنێ سروودی زەوی: ل34

لەاستیدا، ناوەرێکی چامە هەرتەنیا هەچوونێکی بەسەروبەر بەشداری لەپێکهێنانی ناکات،بەکوئەو هەچوونەی کە ێی تێدا دەگێت هەچوونێکی سیستەماتیکی کێنتێکراوە، هەوێستێکی هەچوونئامێزی سیستەماتیکە بەرانبەر بە بەشێك لە واقیعی دەرەکیی. لە هەندێ شوێندا زمانی ئاگایی شیعر زێر زاڵە، بەڵام لە شوێنی دیدا زمانێك ئامادەیی هەیە کە پتر بە زمانی خەون، یان بە زمانی ئەفسانە هاوشێوەیە، بێگومانیش خەونێك، یان ئەفسانەیەك، کە شیعر بە شێوەیەکی سوریالییانە و سروشتبەزێنانە دەتوانێت تابیریان لێبداتەوە:

باێندە لەسەر خوانی من دەفڕن و دوعای سپین بەرزدەبنەوە
تاسەی ساتی نەمری دەکەن سروودی زەوی: ل34
.....
دوای مردن بەخەبەر دێم
لە ێگای ێیشتندا بەهار بەسەر ناچێ سروودی زەوی: ل37

*زمان و ئەزموونی شیعریی
لە زماندا، ئاگایی هەمیشە بە وێنە وئیماژ وسیمبوڵەوە پەیوەست دەبێت کە ئەوانیش لە واقیعەوە سەرچاوە دەگرن ، بە هێی بنیادی زمانیشەوە هەست و سۆز و هەچوون لە شیعردا ێکدەخرێن. لە استیشدا زمان هەر بە تەنیا فەرهەنگێکی بێگیان و وشك و برینگ پێکناهێنێت و هەر تەنیا نمایندەی خێشی نییە، بەکو کراسێکە، یان دەکرێ بێین قاڵبێکە مانا پەیجێری دەکات، یان لەجیاتی مانا دەکرێ بێین فیکر پەیجێری دەکات. بەڵام ئایا لەم ئەزموونەدا گێانکاری بەسەر ستراکتێری زمانی شیعردا هاتووە، یان هەر تەنیا دووبارە

هەشڵراوەتەوە و کۆنتەکستەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، واتە پێش و پاش خستنی پەیقەکان لە ئیزبەندییەکی نوێدا کە مانای وانییە زمانی شیعریی گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت، نەخێر، بەو شێوەیە درکی پێناکرێت، لەو ئیزبەندییەدا پەی پێنابرێت کە بمانخاتە بەردەم فۆرمێکی دیکە، یان فۆرمیوولا کردنێکی دیکەی زمان کە ستراکتۆرێکی جودا و تایبەتمەند و ناوازەی بێت. بگومان سەرەتا خوێندنەوە هاوجمکە لەگەڵا ململانێیەك، ئەویش ئەو گومانە دروستی دەکات کە پێداگرە لەسەر یەك شت، ئەویش جەوهەری مەعریفەی شیعریی ئەم شاعیرەیە، ئایا ئەم تێکەڵکردنە، ئەم دژوازییە لە ئاستیدا لە ئاگاییەکی مەعریفییانە و هونەرییانەوە دێت، یان خۆسك و خۆکردە؟ ئایا ئەم ئیزبەندییە شیعرییە بە ئەزموونێکی جوداوازەوە تایبەتمەندە، یان بووەتە بۆتەیەك بۆ ئەزموونە ناخودییەکان و لاسایی کردنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ناکارامانە؟ ئیدی ئەم گومانە کاتێك دەهەوڵتەوە کە بە ئەزموونی نووسینی شاعیردا شۆبینەوە، بەدوای وێستگەکانی وەرچەرخانیدا بگەڕێین، ئەو مامەڵە کردن و شێوازە لە لاماندا وەکو دەنگێکی دی بەرجەستە بێت نەك وەکو وردە شەپۆلێك لە کێی شەپۆلە بچکۆلەکانی تری دەریای شیعری ئێستاماندا کەروشکە بکات:

هێندەی زەردەنەی هێلکەیەك
ئاهەکانمی لەناو دەتروکێ
زەوی بۆ ماوەیەکی زۆر
لە سۆراخی هەوێنی هیوادا
دەستی لەناو نیازی بگەرد گەرم دەبێتەوە سروودی زەوی: ل44

هەبەتە شیعر لەم ئەزموونەدا، هێشتا هەر پارێزگاری بە خۆسکبوونی خۆیەوە کردووە، هێشتا خۆی نەکردووەتە ئووبەرێك بۆ دەرخستنی مەعریفە و فەلسەفە کردن کە لە لای زۆرێك بووەتە شتێکی گرینگتر لەو عەفەویەتەی کە منداڵیی بۆ شیعر دەگێڕێتەوە. ئیشکردن لەناو زماندا بە مەراقەوە سیحرێك بە زمان دەبەخشێت، لەگەڵا زمانی ئاساییدا مەودایەکی بەربەرین دەکەوێتە نێوانیانەوە، ئیتر شیعر کە پەیدا بوو تخووبەکانی زمان دەبەزێنێت، مانا و دەلالەتە فەرهەنگیی و سوونەتییەکان بەدوای خۆیدا بەجێ دەهێڵێت، چونکە زمان خۆی دەستاوێژ نییە، بەڵکو بووەتە مەخلووقێك، بووەتە بەشێك لە خودی شتەکان:

لە تەنیشتیدا ئاگرێکی کردەوە
لە یەك دوو هەنگاو بەولاوە تر

دووپشكێك لەناو كەمەنگ ئەسكدا مردار بووەتەوە
خەڵكانێك بەترسەوە دێنە بەر هەتاوی بەهارسروودی زەوی: ل45-46

ئاستە لە هەندێ شوێندا شیعر بێ ئەو ژیانەیەكە هێشتا نەیتوانیووە بیجەبێنێت، ئەو ژیانەیە كە هێشتا تێیدا نەژیاوە، وەڵێ ئامادەیی پێدەبەخشێت:

چاوی ئاگر لە دەزەخدا چی دەڵێ
تابووت تەنیا جێگای یەك كەسی تێدا دەبێتەوەسروودی زەوی: ل109-110

ئەو ناكۆشێت لەو خاڵەوە ساتوسەودا لەگەڵا زماندا بكات كە بە هەوڵا و كۆششی ئەدەب پێی گەیشتووە و بەرەو هەرێمێكی جادووئامێزتری بەرێت، بەڵكو ئەو ئاوێ بە زوبان دەداتەوە و دەیباتە نێو هەرێمە بەراییەكان، پاشان دەیەوێت لەوێوە هەوێكی ئەوتێی لەگەڵدا بدات تا بیگەیەنێتە ئەو هەرێم و جێگا سیحرئامێزەی كە ئامانجێتی، بەڵام مەوداكە ئەوەندە گوشادە هەموو سیحرەكان تێیدا بەتاڵدەبنەوە. ئیدی یاخیبوونێك لێرەو لەوێ درك پێدەكرێت بەرانبەر بە فۆرمی باوی زمان لە تێكستەكاندا، بەڵام هەر لەوێ قەتیس دەمێنێ و بێ قووڵاییەكانی زمان تەشەنە ناكات هەتاكو لە ستراكتۆر نزیك بێتەوە، بەڵكو هەر لە فەزای دەرەوەی زماندا دەمێنێتەوە و دەستكاریی كۆنتێكستی زمان ناكات و لە زێر شوێنیش، لە زێر دەقیشدا وا هەست دەكرێت شتێكی هەڵەمەكی ئەنجام دەدات و ئامانجێك ناپێكێت، بەو مانایەی كە لە جەوهەردا گێڕانێكی مەبەست بێت:

دووریيەكی ئاڵز
ئاوی خەواڵووی ناو گۆزە بخۆرەوە سروودی زەوی: ل49-50
سروود خوێنی زەوی بە كاغەزی پەیام كفن كراوە

بەرەو گیانی خۆی هەنگاو هەدەگرێ
بەردەوامیش ئاوێ لە قەڵا دەداتەوە سروودی زەوی: ل50

*خەیاڵا و ئەزموون
دیارە خەیاڵا لە هەندێ شوێندا هەر تەنیا ئاوێنەیەكە و چالاكییەكی تری نییە جگە لە پەرچكردنەوە و دەستاوێژكیش نییە هەتا بەشداری لە كەشفكردنی هەقیقەتدا بكات، بۆیە شتەكان هەر وەكو خۆیان كۆپی دەكاتەوە. لە هەندێ شوێنیشدا وشە، یان دەستەواژەی ئەوتێ قوتدەبێتەوە كە ئامانج تێیدا بەرهەمهێنانی ئاژاوەیەكی ناوەكییە هەنگبێت بێ تێكدانی ئاوەزی شیعریی، كە جگە لە هێنانەدی ڕیتمێك

هیچی دیکە بەرجەستە ناکات، ئەمەیش لەگەڵ ئەستیدا هەندێجار پێداویستییە و چامە پێداگری لێدەکات:

پیتی زی نێوان
کازێوە و زەردەپەڕ
ئاخاوتن و نەوای خێم

دیدار و ناوەڕنانی خێم سرووەدی زەوی: ل53

هەڵبەتا نابێت شاعیر هەر لە پێناوی نووسیندا کردەی نووسین ئەنجام بدات، بەڵکو پێویستە ئەوەی کە دەینووسێت پێبەپێی هەڵهێنەدە هزریی و دەروونییەکان تێیدا ژیابێت ئینجا لەلایدا ببێتە دەق، جگە لەوەیش پێویستە شاعیر بەر لە هەر شتێك بۆ خۆی دەق بەرهەم بهێنێت، ئینجا توانا و زەوق و سەلیقەی خۆی بۆ خۆشەویستترین کەس و شت و بابەت بخاتەکار، ئەو، ئەو کەسەیە کە سەرجەم ڕاحی مرۆڤەکان بەووی چالاکییەکی دینامیکی بەرهەدا دەکات، هەروەکو کێشیەیج ئاماژەی پێداوە. بگومان کاری شاعیر سەرکێشی کردنە لەگەڵا بدەنگیی (یان خامۆشیی دنیا)و لەگەڵا شتێکیشدا کە خاڵییە لە مانا و وای لێدەکات کە ببێتە خاوەنی دەنگ و مانا، هەتا ئەو کاتەی پێی دەکرێت بدەنگیی والێبکات بێتە دەنگ و نەبوونیش والێبکات بوونی لێبکەوێتەوە، چونکە وشە لەوە گەورەترە کە هزرێکی ڕووکەش و بوودەڵە لێی دەڕوانێ، ئەوەندە گەورەیە، کە دەتوانێ خودی جیهان و بوونەوەر و ئێگزیستانسیش لە خێیدا جێبکاتەوە و نهێنییەکانیان پەردەپۆش بکات، یان ئاشکرا بکات. ئیزرا پاوەند باشی بڕچووە کە دەڵێت: هەموو وشەیەك بە مانا بارگاوییە، دەتوانێ ئامادەیی بە هەموو شتەکان بدات، چۆپێبێتەوە، بەرتەسکبێتەوە، هەروەها هەتا ئەوپەڕی مەودایش گوشادبێتەوە، کەوابێ هەوایە بوترێت خودی وشە جیهانە، چونکە هەموو شتێك لەناو خێیدا بەرجەستە دەکات، شتەکان لە چوارچێوەی دروستی خێیاندا جێدەکاتەوە، یان دەکرێ بڵێین ئەوە وشەیە کە مەودایەکی بەرینتری بابەتی شیعریی پیشاندەدات، لەوێدایە هەموو شتێك پێگەی خۆی دەدۆزێتەوە و خۆی دووبارە کەشفدەکاتەوە و ڕۆڵی خۆی بە شێوەیەکی کارتێکەر دەگێڕێت. ئەوەی کە گرینگیشە ئەو کاریگەرییە هەستیی و ئێستێتیکییەیە کە دەق لەلای وەرگر بەجێی دەهێڵێت و ئیتر وەرگریش وەکو پەرچەکردار"ڕیئاکشن"ی ئەو کاریگەرییە، دووبارە مانا بەرجەستە دەکاتەوە:

کەروێشکێك لەناو قۆپەنە گیادا بەچکەکانی فێرە چاوبزی دەکات
کێشکەیەکیش بەسەر هەڵدێیەکی مامیاکراودا نیشتەوە

سرووەدی زەوی: ل54

ئەڕ باڵندە هێلکەی هەبێ یان بڕچوو
شاد دەفڕێت سرووەدی زەوی: ل112

تووتی بۆ چاووڕوو دەم دەکاتەوە
لە نزیك
ڕەگ و
گۆپکە و
خونچە
دەوەستێ و پێی لە زەوی دەخشێنێ
نەخشی ناوچەوانی بەردی بۆ دروست نابێ سروودی زەوی: ل4

***شیعر و پێداویستیی**

لێرەدا شیعر تەقەللا دەدات بەرەو ئاقارە نوێیەکان بچێت، یان هیچ نەبێت کەشفیان بکات بۆ ئەوەی ڕێحێکی بە جێش وخرێش بەدیبهێنێ. بێ شك ئەگەر هەر شاعیرێك ئەمەی ئەنجامدا ئەوا تراديسیۆنە شیعرییە باوەکانی تێپەڕاندووە و ژیان لەناو سێز و ئاگاییە پەژموورەکەی مرۆڤ زیندوو دەکاتەوە و دەردەکەوێت کە چەندێ بۆ ڕێحمان پێداویستە، چونکە ئێمە بەدوای شتە مرۆییە هاوبەشەکاندا دەگەڕێین، یان دەمانەوێ خۆمان لەناو دەقێکدا بدۆزینەوە تا بە خودێکی دیکەوە پەیوەست بین، ئەو خودە دەتوانێت تێگەیشتن فەراهەم بکات و ماناگەلێکی جیاواز لەناو دەقدا بەدی بهێنێت، هەبەتە ئەم هاوبەشییەی کە لە لاماندا مانا بە تێکست دەدات، یان بە شێوەیەکی تر بڵێم لە دەقێکدا ئێمە بەدوای هەوێست و پرەنسیپە مرۆییە هاوبەشەکاندا دەگەڕێین و هەر بەوەیش هەیدەسەنگێنین، یانی ئەگەر دەقێك خاوەنی ئەم شتە نەبێت و لێی ونبێت ئەوا بۆ لای خۆی سەرنجمان بەکێش ناکات و بە داهێنانی لە قەڵەم نادەین. بەڵام وەکی تر شیعر لەبریی ئێمە تێدەهزرێت، زمان بە قسە دەهێنێت، بە تەوزیفکردنی کردە مرۆییەکانیش پەنجەکانی شاعیر لەگەڵا درەوشانەوەدا نەرم دەبێت:

شیعر دەستی لەسەر شانم دانا
گوتی لە دوورەوە هاتووم و نەزرم لە خۆم گرتووە
نیشانەی زیندوو کردنەوە بناسم سروودی زەوی: ل57

دیارە لە پراکتیکدا شیعر ئامانجی ئەوەیە لە پەخشان فشەردەتر و چڕوپڕتر و دەوڵەمەندتر و خەیاڵییانەتر بێت، چونکە بە گوترەی" ئی. ئس. داڵاس"خەیاڵا چیدی مەلەکەیەکی لە فیکر دابڕاو نییە کە بگومان سەرچاوەی سەرتاپای داهێنانەکانی مرۆیە. شاعیریش هەردەم ئامانجی ئەوەیە کە لە فەزایەکی کەمتردا مانا و مەبەستەکانی بەدەستەوە بدات و زەربەی جارەکانیش مامەڵە لەگەڵا حاڵەتە زەر ئاڵەزەکانی هەزردا دەکات، دەیەوێ گۆڕانکارییەك لە دەقدا

بهێنێتەدی، لەناویدا، بوون بە ئامادەییەکی مرۆیی بدات، تا لە ئەنجامدا دنیابینیی، یان تایبەتمەندێتییەکی شیعریی دەستەبەر بکات:

پەیامبەخش دڵم لەسەر دەستەکانی ڕادەخات و لە چاوی نزیك دەکاتەوە
قەت دڵی وا پڕ کازێوە و زەردەپەڕی نەدیوە سروودی زەوی: ل54

***ڕەهەندەکانی وشەی شیعریی**

هەمیشە وشە دوو لایەنی هەیە، لایەنی خودیی و لایەنی بابەتیی. هەمیشە دنیایەکی تر لەودیو وشەوە خۆی مات داوە، ئەویش جیهانی ئاگایە، وشە- زمان ئامرازێکی بێوێنەیە بۆ گوزارشت کردن لەبارەی جەوهەری واقیعەوە لە پەیوەندی بە مرۆڤەوە. زمان وامان لێدەکات بە شێوەیەکی هۆشیارانە شتەکانی دەوروبەرمان ببینین. کەواتە لە پڕۆسەی هۆشیارییدا ئامرازێکی بێهاوتایە. بۆیە ئەگەر بەو هۆشیارییە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت ناتوانێتکارفەرمای خۆی بە شێوەیەکیشیاو و بەجێ ئەنجام بدات و لە ئاکامدا کارێکی ئەوتۆ ناکات شتەکان بە ڕوونی و بێگەردیی لە دەوروبەرمان بەدی بکەین و گرفتمان بۆ دروست نەبێت لە بەرجەستە کردن و پەرچڤەکردنی ئەو بابەتەی زمان گۆشت و خوێنەکەی پێك دەهێنێت، لە گرتنی ئەو ڕۆحەی ئەگەر وانەبێت ئەوا بە خاوخلیچکی و شێواویی بەدیار دەکەوێت:

لە سێبەری گەرمی درەختەکەدا بزەیەك بۆ کامێرا بکە
حەکایەتی مردن کەمێك لە ژیان درێژترە سروودی زەوی: ل55

باران بۆ ئەوە دەبارێ خۆی ون بکات
بۆ ئەوەی نییە خۆی بدۆزێتەوە سروودی زەوی: ل115

***شیعر و یەکێتی بابەت**

ئایا لێرەدا دەکرێ بە وردی قسە لەسەر چوارچێوەی شیعریی بکرێت بە تایبەتی لە ڕووی بابەتەوە، لە ڕووی یەکێتی بابەتەوە کە کاراکتەر بەو چوارچێوەیە دەبەخشێت؟ بێگومان، چونکە ئەمە شتێکی ئەستەم نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەبەردەم تێکستەکاندا بەرانبەر بە هەیکەلێك ڕادەوەستین، تەماشای کۆمەڵێك کەرەستە ناکەین کە هێشتا پێوەندییان پێکەوە نەسازاندووە، کە هێشتا هەر کەرەستەی خاون، لەوانەیە لە هەندێ شوێندا سەرنجی جۆرە هەڵبزێکانێك بدرێت، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر کاراکتەرێکی بە ئەمەکی سەردەمەکەیەتی، بەو مانایەی کە ئەو پارچە پارچە بوون و لێکترازانە دەروونییەی کە سەردەمەکە پێی بەخشیووە، ئەو دەیگوازێتەوە ناو دەق، دەتوانین بڵێین ئەو لە هەندێ بارودۆخدا

کارفەرمای ئاوێنە دەبینێت کە پیشاندانەوە و پەرچکردنەوەیە، بۆگومان بە شێوەیەکی سایکۆلۆژییانە. ئەو ناتوانێت خۆی وا دەربخات و بنوێنێت، قەوارەیەکی تەکمە لەناو خودێکی بەهێز و لێکهەڵوەشاوە بەردەستە بکات. بەم پێیە دەکرێ بڵێین یەکێتی بابەت لەم دەقانەدا دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی دەقەوە، ژیان خۆی یەکێتی بابەتە، ژیان، دیارە بە سەرلەبەری جوانیی و دزێویەکانییەوە یەکێتی بابەتە.چونکە لێرەدا تەواوی کەرەستەکانی جیهانە شیعرییەکە لەئەزموونی ژیانی شاعیرو قووڵاییەکانییەوەوەرگیراوە و جیهانەکەی پێ بنیاتنراوە:

مانگ دەستی نزایە هەڤیووە
لە تریفەی خۆی زیاتر کەسی نییە
لە کانییەکیش دەپێچێتەوە کە هیچی لەبارەوە نازانێ
کانیش لە ئاست جێگەی دامێنی خۆی
کەێ و
لاڵا و
کوێرە سروودی زەوی: ل60

ئەگەر پاشینەی شاعیر ئەزموونە بچەند و چوونەکەی بێت، ئەوا لە نێوانی ئەزموون و گوزارشتکردن لێیەوە هەر وەکو نەزار قەببانی بۆی چووە دابێان نییە. نووسینیش ژیاندنەوەی ئەو ئەزموونەیە بە شێوەیەکی کامڵا، بە شێوەیەکی هونەرییانەی باڵا. خودی شاعیریش ئەو منە شیعرییە لەسەر کاغەزدا دادەهێنێ کە ئەرکێکی گرینگی هەیە ئەویش ڕوونکردنەوەی پەیامەکانە هەروەکو"سان جۆن پێرس"ئاماژەی بۆ کردووە:

گەورەم نەشونما ئەگەر بە درێ ماچ بکەم
خودا و خود سزام دەدەن سروودیزەوی: ل58- 59

ئابردوو و داهاتوو لەناو یەکدا مردوون
قاچی ئێستاشیان لەناودا سێە سروودی زەوی: ل121

***ێەهەندە دیار و نادیارەکان**
ێەنگە ناوەرێك و تاك وشەکانی جیاوازییەکی ئەوتۆ بەخۆوە نەبینن، چونکە جیاوازییەکە لە ساتوسەودایە لەگەڵا جەوهەری شیعر و زمان خۆیدا، دەشێ بوترێ ئەوەی کە یاخیبوون و سەرکێشیی پێوە دیارە تاڕادەیەك فۆرمە، واتە مەبەستی سەرەکی ئەو یاخیبوونە لەو فۆرمە گشتییەی کە باوە و کۆدەنگیی لەسەرە. ێەنگە شتی جیاوازی هەبێت ،

بەڵام کە دەربڕینەکانت بە جۆرێک ئەنجامی دەدات کە تا ئەندازەیەک هاوتای نییە، نەبینراوە، پێشتریش بەو شێوەیە نەخوێندراوەتەوە، لانیکەم لەناوەندەکەی ئێمەدا. دیاریشە شیعر بۆجگە لەوەی بونیادنانی زمانێکی جوداواز و پەرەپێدان و پێشخستنی لە ئەستێدایە، ئەرکێکی دیکەشی هەیە، ئەویش ڕاشنبیرکردن و دەوڵەمەند کردنی زمانە، واتە زمان والێدەکات هەڵگری پاشخانێکی مەعریفی قووڵتر بێت و ڕۆحێکی دینامیکییانەتر لە بۆتەیدا شاردراوە بێت و بە بەها و بابەتگەلی هەمیشە خۆتازەکەرەوە و کاژفێدەر بارگاوی بێت:

ترپەی دڵم گوێ لە مۆشکم ناگرێ و شوێنپێی ناناسرێتەوە
کەمەڵک مردوو مۆمیان لەسەر دەستیان ڕاگرتووە
دەموچاویان تەواو سوورهەڵگەڕاوە و ئەو ڕازە دەدرکێنن
پەپوولە بۆوا بە ڕووناکی چرای دزانیش دەکاتسروودی زەوی: ل62

شاعیر، هەبەتە لە میانەی زمانەوە بە شتەکانەوە پەیوەستە، دەکرێ وەکی تر بڵێین زمان تاقە نیشتیمانی بڕچەند وچوون و بۆ هاوتای ئەوە. زمان تا ئەندازەیەکی زۆر بەرجەستەکەری خەونی شاعیرە، نەوەک ژیانە ڕیاڵیستییەکەی:

دەتوانم باوەڕ بەو هەموو شتانە بهێنم کە بینیوومن
چونکە هەموویان خەون بوون سروودی زەوی: ل63

هەتاو خەریکی دزینی پارچە قوماشەکانی پرسەیە
داوای کرد لە دزییەکەیدا یاوەری بین
ئەم داوایە تایبەتە بەو مرۆڤەی چاوی دێی ناسیووە
سروودی زەوی: ل125

بۆگومان زمانی شیعریی زمانێکی بارگاوییە بە وێنە، لە ڕووگای وێنەشەوە دەیەوێت ئەو ڕاستیانە ئاشکرا بکات کە بە هۆیانەوە نیازی ئاشکرا کردنی مانای ئەزموونە تایبەتمەند و کەسییەکەی خۆیەتی. سەرەنجام هەروەکو ئەوەی کە بلیخانۆف بۆی چووە شیعر بیرکردنەوەیە بە وێنە. بۆ ئەوەیش کە بە وردی ئەوە دیاریبکەین ئایا دیاردەی وێنە دەبێ چی بێت، بۆ ئەوەی ئەوەیش دیاریبکەین ئاخۆ وێنە پێش هزر دەکەوێت، یان بە پێچەوانەوە، ئەوا لەگەڵا گاستن باشلاردا پێویستە بڵێین شیعر پتر لەوەی دیاردەی ئاوەز بێت، دیاردەی ڕۆحە. بەم پێیەیش خەیاڵا ڕۆڵێکی گەورەی تێدا دەبینێت. بەو مانایەی کە وزەیە لە داهێنان و توانایە لە هێنانە ئارا و قابلییەتە لەسەر

کەکردنەوەی جیاواز وهاودژەکان و یەکخستنی نەگونجاوەکانە لە گشتەکی لواو و هارمۆنیدا. لەوەیش بترازێ توانایەکی مەزنیشە لە تەکشکاندنی یەکێتی ووالەتیانەی شتەکان و تەکوپەکدانی پێوەندییە شەقییە کانەکان لەپێناو سەرلەنوێ بنیادنانەوەیان. بەمجۆرەیە کە ژیانێکی شیعریی بە کۆنسێپت دەبەخشرێت، ئەو کۆنسێپتەی کە پێویستە بە هەنووکەوە پێوەندیدار بێت و هۆنگدانەوەی حاڵیبوون و دەرك پێکردن بێت بێ خودی سەردەمەکە خۆی:

هەمیشە یەکەم بارانی ساڵا دڵخۆشم دەکات و دوا بارانیش دەمترسێنێ
نازانم بۆ ناتوانم تەواو لە باران نزیك ببمەوە
یاداشتنامەیەکی توندوتیژم داوەتە یەکەم بارانی ساڵا
نەرم ببارێ
نان نەرم ئاوپرژێن دەکرێت
شانەی هەنگوینیش بە نەرمی پێ دەبێت سروودی زەوی: ل68

ناڵی ئەسپ لەق بووە و سروشت تووڕە و دڵخراپە
ئەی هێزی دیدار و ئەفسوونی ووناکی خودا
فەرمان بە دەم بدە خراپە دەرکاتسروودی زەوی: ل67

***شیعر واقیعی خودیی خۆی دەئافرێنێ**
دیارە شیعر هەمیشە واقیعی خۆی دەخوڵقێنێ و کەمەك لە دەرەوەیش دەخوازێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئاڵوزەی، واقیعی حاڵیش درەوشانەوەی زیاتری پێدەبەخشێت. شیعر هەندجار لێرەدا لێژیکێکی فۆتۆگرافیانەی هەیە، زوومێکە وێنەی نزیکتر دەگرێت، کەلەکەیان دەکات و سەرەنجام کە تەواو ئامادە دەبن، دەیانخاتە توێی ئەلبوومێکەوە، دەتوانین بڵێین ئەلبوومەکە چەکامەیە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا جیاکارە گۆشەنیگاکانە، هەر فۆتۆیەك لە پنتێکی دانسقەوە دیمەنەکەی خۆی ڕاوشکار دەکات و لە چوارچێوەیەکی ئەفسوونـاوی سەرسامکەردا ئەوقی دەکات. ئەو دنیایەی لە دەرەوەی دەقدا بوونی هەیە، لە سەراپا و بە درێژایی مەودا و هەهەندەکانی تژییە لە دژوازیی و نەگونجان، بگومان دەقیش زۆر لەو دنیایەوە دوور نییە و ئەو دژوازییانە دەگوازێتەوە بۆ ناو خۆی، ئیتر دنیایەك ئافەریدە دەبێت کە گواستنەوەی کتوپڕ لە شتێکەوە بۆ شتێکی تەواو جیاواز زاڵا دەبێت و تاڵادەیەك دەق هەناسەسوار دەکات، ئەگەر بە شێوەیەکی ووکەشانەیش سەیری بکەین ئەوا پەیوەندی بگەکان کابووونەوەیەك دەستەویەخەیان بووەتەوە، لەملاولەولایشدا پێوەندییەکان بوونی خۆیان لەدەستداوە، بەڵام وەکی تر کە توێژی سەرەوەی ئەو ووکارە بەجێ دەهێڵێت هەمان ئەو دنیایەی دەرەوەی دەق دەبینین کە شیعر بە یاسا

و لەژیکی خۆی ئافەریدەی کردۆتەوە و هەست ناکرێت کە کەموکووڕی تێدا هەبێت و ئەو یەکێتی بابەتییەیش کە لەلایەن زۆرێکەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە هێندە بزر بووبێت کە بە زەقی بەو دەقانەوە دیاربێت کە واقیعێکی بێ یەکێتی و پڕ هاودژیی نمایندەی دەکەن. بەڵام وەکوو شێوە و فۆرم دەشێ پێوەندییەکانی زمان نەتوانن یەکێتییەکی بابەتیی بەرجەستە بکەن، بە دیوەکەی دیکەیشدا ناوەرۆك بە ئەرکی ئەوە هەڵدەستێت، ئەویش ئەگەر بێت و هەڕاوی ئەو واقیعەی دەرەوەی چامە بکەین، کە وەکو شەقڵا شەژان و دابڕانی هووکەشانە پیشان دەدات، وەڵێ لەودیوی ئەمانەدا بێ شك ئەوەی بەگەنەویستە یەکێتییەکی بابەتییانەی مکووم و تەکمەیە:

کتێبێك لە ئومێدی خۆیدا دێی داینەوە
شوێنیشمان لەسەر زەوی نییە
ئەگەر هەشمانبێت یارییەکی ئاگربازییە
تیشکی سووتێنەر شەمێی تواندەوە
پایزیش سووکایەتی بە شکڵی درەخت دەکات
وەکو عەلیشیشی فیکە بێ کۆشراو
دەممان بەرز کردووەتەوە سروودی زەوی: ل69-70

بە پەیژەیەکی نووستوو هەڵدەکشێمە ناو تاریکی و هووناکی
پەیژە تەنیایی و ترس و واقوڕمانە
تاریکی لێوی لە کۆمی هووناکی دەکاتەوە سروودی زەوی: ل70-71

*سەرکەوتنی هەستەکان لەناوەوە بێ دەرەوە

دیارە وێنەکان بیر و هەستەکان ئاشکرا دەکەن، سۆزەکان بەرجەستە دەکەن. هەژموونی وێنەکانی لایەنەکانی دیکەی شیعر تاڕادەیەك کاڵدەکەنەوە و لێیی بە بابەت و مانا دەبەخشن.یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی شیعرێك کە وێنە دایهێناوە هەستکردنە بەبوونی کەمەڵە گرێیەك لە نێوان گواستنەوەی وێنەکاندا، کە ئەمەیش وادەکات لە هەوتێکی سروشتی و بگرە وگێیەکی شیعریی بەبەریی بکات. ئەگەریش شیعر پێبەپێ خۆی لە چەمکی وێنەدا ببینێتەوە ئەوا مانای ئەوەیە کە وێنە ئێلیمێنتێکی سەرەکی و یەکانەیە لە پێکهێنان و بەدیهێنانی شیعردا. "سی. دەی. لوویس" لە کتێبی وێنەی شیعرییدا دەڵێت: داهێنان و بۆڕیی و بە پیتیی لە وێنەدایە، ئەمانە هەمووی بە "خاڵێکی بەهێز"لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە بە سەر چامەی هاوچەرخدا باڵادەستە وەکو هەر ڕاستێکی دیکە شیمانەی ئەوەی هەیە لەدەست دەرفرتێ. هەبەتە وێنەیش هەردەم جێگیرە و خودی قەسیدەیش لە دەرەنجامدا وێنەیە، دەکرێ هەموو شتێکی بگۆڕێت، بێ نموونە ئاڕاستە، شێواز، بابەت، فۆرم... تاد، بەڵام وێنە هەر بە جێگیریی

لە پێکهاتەی شیعردا دەمێنێتەوە و هەر وەکو پێوەری سەرەکی و شکڵی شاعیر و بەرزی و ژیانی بەرجەستەی شیعریش دەمێنێتەوە بەو پێیەی"درایدن"ئاماژەی پێداوە:

پەپوولە بۆوا بە ڕووناکی چرای دزانیش دەکاتسروودی زەوی: ل66
تریفەش چەند لە ئاسکێکی دووگیان دەچێ
بە نەرمی پێ هەڵدەگرێ سروودی زەوی: ل67
نووشتەی چاوەزار بە ناوچەوانی خانوو جێلانە دەکات
سروودی زەوی: ل82
درەخت تا بەرز نەبێتەوە سێبەر ناگرێسروودی زەوی: ل82

لێدانی دڵا هەموو شتێکی من دەزانێ و چاوساغی هەقیقەتە
سروودی زەوی: ل85

بۆگومان ئەوەی کە هاوگونجاندن لە میانی وێنەکاندا بەدیدەهێنێت ڕێککەوتنی بابەت و وێنەیە. وێنە ڕۆگای بابەتەکە ڕۆشن دەکاتەوە، کەمەکی دەکات خۆی باشتر بەدیاربخات، یان بدزێتەوە."ئای. ئەی. ڕیچاردز"پێیوایە: ئەو توانا سەرسامکەرەی شاعیر بۆ هاوئاهەنگکردنی قسە، هەرچی چەنێك بێت بەشکە لەو توانا فرە سەرسووڕهێنەرتەرەی هاوئاهەنگکردنی ئەزموون. خودی ئەزموونی مرۆڤ کە هەمیشە بابەتی تەواوی شیعر بووە. شیعر کاتێ کە قووڵاییەکانی مرۆ تەیدەکات، خەسڵەتی نوێ، یان جیاواز بە شتەکان دەدات، مانایەکی پڕزەتیڤانەیان پێ دەبەخشێت، لەوڕوەیە کە دەتوانێت جێگایەکی شایستە و پڕبەپێست لە جیهاندا دەستەبەر بکات، چونکە هەروەکو ماکلیشیش ئاماژەی پێکردووە: شیعر یەکێکە لەو ڕۆگایانەی کە مانای ژیانمان بۆ ڕاڤە دەکاتەوە و قووڵترین پێداویستییە مرۆییەکانیشمان ئەوەیە کە مانا بۆ ژیانمان فەراهەم بکەین:

کیسەڵا کە سەری خۆی دەباتەوە ناو قاوغی
لە قووڵایی خۆی دەڕوانێ سروودی زەوی: ل72

جا ئەگەر شیعر هەروەکو ئەوەی کریستۆفەرکۆدوێڵا بۆی چووە: یەکێك لە کۆنترینی ئەو چالاکییە ئێستێتیکییانەی هزری مرۆڤایەتی بێت ئایا ئەێتەرنەتیڤی دیکەی هەیە؟ واتە دەتوانین پشتگوێی بخەین و هەست بە ناتەواوی و کۆماسییەك لە ژیانی مرۆییماندا نەکەین؟ دیارە تا ئێستا ئەم پرسیارە بۆ وەڵام ماوەتەوە، چونکە شیعر بۆ ڕۆحی مرۆڤ لەم سەردەمەیشدا پێداویستییەکی پەیگیرە و سەرومێە لەوەی بە ڕۆژگی پڕزەتیڤ و گرینگ هەبستێت لە پێشخستنی و پاقژکردنەوەی لە

گوناهە زەمینییە ناچیزەکان،هشتا تپەاندنی قزەوونیی و یەکدخییەکانی ژیانە و جیهانك بە ئادەمیزاد ەوا دەبینت کە هەست دەکات پوەی پوەندیدارە و ناتوانت دەستبەرداری بت:

سەرم لە تاریکی و ووناکی سووماوە
کامیان لەبەر کامیان هەدن سروودی زەوی: ل71

وەدەچت ئەفلاتوون بایەخی بەو چژ و لەزەتە دابت کە شیعر دەیبەخشت، ئەریستیش بایەخی بەو کارفەرمایە دابت کە شیعر دەیبینت، هەبەتە وەزیفەی شیعریی لەلای ئەودا خی لە"کاتارسیس"دا دەبینتەوە کە دەکر چەشنی فیلتەرك ب پاقژکردنەوەی دەروونی مر لی بوانین، بەام ئەمە پمان ناکرت شیعر لە یەکك لەم دوو بەخششەی خی دامایین، یان بەب یەکیان وناى بەرکەمابوونی بکەین، چونکە ب ئەمە چژ و وەزیفەکەیشی هەر پداویستە:

دەستی بکوژ چرچ و لچ و پەەی ت کەوتووە
ناتوانت خەون ببینە کە پەپوولەیە سروودی زەوی: ل66

زەوییەکی دانەچندراو نەیتوانی بزە بهنتە سەر لوان
هەمی هشمەند پی اگەیاندم سروودی زەوی: ل114- 115

بەگەنەویستە کە ئومد و ئاواتی بهاوتا و بچاش و بەرهەستیی شاعیر جگە لە شیعری پەتیی شتکی دی نییە، بریس پاستەرناکیش ئاماژەی بەوە داوە کە: تاقە پەیامك کە دەکەوتە ئەستی شیعرەوە ئەوەیە کە جوان بت.هەبەتا بە گورەی ئەم چەمکە بت هەند شون لە جەستەی دەقەکانی سەباح ئامانجیان پکاوەو بەردەوامە لە گانەوەی خەون و واقیعی تدا ناتونتەوە و بەو شوەیە مشتومای ناکات. نەبوونی شیعر، یان چککردنی لەژیانیدا بوونی گەورەترین بئومدییە لەقەوارەیدا.لەم لاپەە شیعرییانەدا دەق بە شوەیەکی حەپەسنەرانە ەهەندی ئستای بەسەردا زالە، یان هەموو ەهەندەکانی لە هەنووکەدا شاردتەوە، هەگری ەهەندی ئەم ساتەوەختەیە و لە میانییەوە بەر ئستا دەکەوین وەك ئەوەی لە بەرانبەر فیلمکدا بین کە بە تەکنژیای (س ەهەندیی-3د) پیشان بدرت، یانی لە هەموو لا و گشەیەکەوە ئستا بەرجەستە بکەن، ئەمەندە بە پاوپیی وکتومت ژیانی خی ژیاوە و دەژت، کتومت شیعر دت ئەوەی ب دابهنتەوە، بە چەشنك ئەو کارەی ب ئەنجام دەدات کە هەرگیز مەودایەك لە نوان ئەو دوانەدا بەدی ناکرت،تەنیاسروشتی ئەو دیالەکتیکە دەرك پدەکرت کە لە نوان

هەردوولادایە. ئەم ئەزموونە بە جۆرێکی باڵانسدارتر خۆی دەنوێنێ و ڕووداوەوی جیددییەتێکی ئەوتۆمان دەکاتەوە بۆ ئەین دنیای شیعر هێشتا هەر بەردەوامە لە بەخشینی پیت و فەر بە دنیای واقیع:

برادەران بۆ بایەخن ئەو بەردانەی بۆ مل شکاندن دەیهاوێینە بەرپێی یەکتری
مانگ لە ئاسماندا تەنیایە و گۆرانی هەمووشمانەسروودی زەوی: ل76

بۆگومان (سەباح ڕەنجدەر) هزرێکی بەرجەستەکەر و بینین ئامێزی هەیە، بە ئیحای تابلۆیەکەوە شیعر دەنووسێت کە پێشتر لە زەینیدا ئامادەیی هەیە و دواجار هۆکەکان و ڕەنگەکان و فیگەرە مۆدێرنەکان هێدی هێدی دەبنە ڕایەڵا و هێنراوەکانیان لێ بەرهەم دەهێنێت، ئیتر پێویستە لەسەر خوێنەر بە هەموو ماناکانی خوێندنەوە دەقەکان بخوێنێتەوە. بەمجۆرەیش ڕایەڵەیەك لە نێوان کۆزمێزی (جیهانی) تایبەتی و کۆزمێزی گشتییدا بوونی هەیە، یانی لێرەدا شتێك نییە ناوی جیهانی تایبەتی پەتیی، یان جیهانی گشتیی پەتیی بێت، هەردووکیان لە کارکردێکی دوو لایەنەدان، واتە جەدەلییەتێك لە نێوانیاندا درێژەی هەیە، بە یەکتری کارتێکراون، گۆرانی یەکێکیان گۆرانی بۆچەند و چوونی ئەوی دییان دەگەیەنێت:
ئەو هەموو خەکەی کەوتوونەتە دوای ئەسپ
چاوەڕوانی هەواڵکن
چ هەواڵك
بۆ باڵندە پیت و فەر دەژنێتە سەر پشتیسروودی زەوی: ل75-76

*وێنە و جووڵانەوە
شاعیر، وەك هەمیشە لەمیانەی زنجیرە وێنەیەکەوە دەجووڵێتەوە، کە هەست و سۆزمان دەخرۆشێنن و دەیانهێننە جووڵە و وروژان، کە هەرگیز خاڵی نین لە بەها ئێنتۆڕۆژییەکان و یادەوەری شیعریمان دەهەژێنن، ئێمە دەبۆ دووبارە پێی ڕابینەوە، دەبۆ دووبارە وێنەکان ڕێکبخەینەوە و تابلۆیەکیان لێ دروست بکەین کە سەرەنجام قەسیدەکەیە و ئێمە دەیخوێنینەوە، واتە ئەو تابلۆیە دەتوانێ ببێتە پانۆڕامایەك کە لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە چامەکە بەرجەستە دەکات. یانی گەڕانەوەیەکە بۆ خود، کە ئەویش بە ناڕاستەوخۆیی گەڕانەوەیە بۆ واقیع، یان پەنابردنە بۆ ئەو واقیعەی کە خود دەرکی پێدەکات و خۆی تێدا دەبینێتەوە کە هەقیقەتێکی جیاوازی بەرهەمهێناوە، هەقیقەتێکی نوێ هەروەکو ڤیکتۆر شکۆفسکی ئاماژەی پێکردووە، هەموو پێوەندییە ئاسایی، یان کۆنەکانی زمانی تێکوپێك داوە و یەکێتی ڕواڵەتیی شتەکان تەفروتونا دەکات و پێوەندییەکی دیکە و

یەکێتییەکی تریان بێ دەگونجێنێ، کە ئەمەیش بەدڵنیاییەوە هەوڵێکە بێ ئەوەی لە هیچەوە شتێکی جیاواز بخوڵقێنێت، ئەگەرچیش زۆربەی هەوڵەکانیشی دەگەنە بنبەست:

بخوور تا نەسووتێ بۆنی بۆاو نابێتەوە
درەخت تا بەرز نەبێتەوە سێبەر ناگرێ
ئاو تا نەڕوات ئاوازی لێ پەیدا نابێت
پشکێ تا نەبێتە خۆڵەمێش با نایبات سروودی زەوی: ل82
چ هەگربوون و نیازێکی پاکە بە هیواوە ئاکەی
ووخساری مەحاڵا دەبێتە ئاوێنە بێ بەرانبەرسروودی زەوی: ل83

***لێژیکی شیعریی**

دەشێ وێنە لە شیعردا بەرجەستەترین ئێلیمێنت بێت، ئەگەرچیش بەسەر دنیایەکی کۆلکەهەنگینەییدا ئاوەڵامان دەکاتەوە، بەڵام ئایا شیعر تەنیا وێنە دەیخوڵقێنێت، یان شتگەلێکی دیکەیش لە پێکهاتەیدا بەشدارن؟هەر بۆنموونە: ئێبژێکت، خەیاڵا، پرسیار،خەون، زمان، گۆڕانەوە، یادەوەری، کات و شوێن، دنیابینیی، فەنتازیا…تاد، بەڵام مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە شیعر ببێتە بۆتەیەك و ئەمانە و هەرچی ئێلیمێنتێکی تریش هەیە بگرێتەخۆ و بە شێوەیەکی گشتگرانە یەکێتی فۆرم وناوەرۆك پێکبهێنێ، کە دواجار دەبێتە یەکێتی بابەت تێیدا و بە ئاقاری مانایەکی گشتیی دەمانبات و پەیامێکی لێوە هەڵدەگرزین. بۆگومان ئەوانەیلەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا، پێویستە سەرتاپا تۆك بژێن و پێکهاتەیەك بخوڵقێنن کە خۆی لە یەکێتی بابەتدا ببینێتەوە، هەبەتە بەر لەمانە هەموویشی مۆتیف شتێکی ئۆرگانی و گرینگە و پێداگریی دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو ئێلیمێنتانە لە تێکستێکدا ئاوێتە بن و گوتارێکی شیعریی کامڵا بخەنەوو. بۆجگە لەمانە لێژیکیش لەم داهێنانەدا بەشدارە، کە پێویستە زۆربەهێز بێت و پڕ لە نێوانی وێنەکان و سەرجەم ئێلیمێنتەکانی دیکەدا دروستبکات و لە کاتی خوێندنەوەیدا هەست بە شپرزەیی و پەرتوبڵاوی نەکرێت. هەنگە هەبێت بپرسێت: لێژیکی شیعریی چییە کە وا پەیدەرپەی دووپات دەبێتەوە؟ دیارە ئەو جووڵانەوانەیە کە گواستنەوە شیعرییەکانی دووتوێی دەق شیاو و مومکین دەکەن و یاساوەساکانی بەرقەرارەکەن و سەلیقەیەکی سەرئاسای پێناوێت بێ دەرکپێکردنی، ئەو خوێنەرەی کە بەدوای پێوەندی ئایەهەکانی قەسیدەدا دەگەڕێت، بەدوای ئەو پێوەندییانەدا دەگەڕێت کە بەشەکان پێکەوە دەلکێنێت و گشتێك دروستەکات دەبێ بزانێت ئەوە عەوداڵی یەك شتە ئەویش لێژیکی شیعرییە. بەڵام ئایا ئەو پێوەندییانە هەزامەندیی بە خوێنەر

دەبەخشن؟ مەبەست ئەوەیە ئایا گونجانێکی سەرجەمگیر هەموو شتێك لەئامێز دەگرێت؟ نازانم کێ یەکەمجار وتوویەتی شیعر لێژیکی ناوازەی خێی دەخوێقێنێت، بەڵام ئەمە بەڵگەنەویستە، لێرەدا بە مانای یاساوەسا خێی دەدات بەدەستەوە و هەر شیعرێك سەرلەنوێ و بێ یەکەمجار ئەو لێژیکە بێ خێی دەئافرێنێ، چونکە تەنیا یەك لێژیك بوونی نییە، ئەگەرچیش هاوبەشییەکی لێژیکی لەمیاندایە، بەڵکو لەڕاستیدا هەر دەقێك خاوەنی لێژیکێکی سەربەخێیە و پێبەپێی ژمارەی دەقەکانیش لێژیکەکان هەمەجێر و بێ ئەژمارن:

باڵندەی دڕینی هەوڵێر شەهید کرا
فڕینی لە یادمان ما
دایکی شەهیدێك تەرمی باڵندەی دڕینی هەوڵێری
وەك دەسکە نێرگز و مێخەك
لە قەراغ ڕێگاکاندا بێ فڕشتن داناوە سروودی زەوی: ل85-86

نواڵە لە قێزاخەی مندا بانی خەماند
منیش لە قێزاخەی شیعر
ئەڕێ گیان لە کۆی جەستەدا دەژی سروودی زەوی: ل 85

دیارە هەر وەکو ئامبێ دەڵێت، سەباح لەم دەقانەدا تەواو سەردەمانەیە و ئەمەیش ئەگەر ڕووکەش نەبێت ئەوا (نهێنیی دەقیجیاوازە). ئاشکرایە کە جێرە ئەزموونگەرایەك هێشتایش ئەم بەرهەمانەی جیاکار دەکەن، ئەویش مانای ئەوەیە کە ئەو لە ئارەزوویەکی بەردەوامدایە بێ هێنانە ئارای شتێکی تەواو نوێ، بێ هێنانی گۆڕانکاری و خێجێهێشتن و دەقەکانیشی تیشك دەخەنە سەر قێناغێك کە بەڵگەنەویستە بەسەروبەرییەکی بەهوودە تێیدا بەرجەستەیە و سکێچێکی جیاکارانە و تایبەتمەندانەی بێ دەکێشن. ئەم قێناغەی ئەوی پێدا تێدەپەڕێت لەوانەی پێشووتری دەوێەمەندترە، چ لە ڕووی بابەت چ لەڕووی فۆرمەوە، ئەگەرچیش سەدای ئەزموونە بەراییەکانی فەزای ئێستایشیان بەیەکجاریی بەجێ نەهێشتووە و بە تەواوەتی لە ترادیسیۆنەکانی شیعری پێشووتر دانەبڕاوە، یان دەکرێ بڵێین هێشتا پەیوەندی بە ڕابردووی شیعریی خێیەوە هەر بەردەوامە، بەڵام هەست بەوە دەکرێت کە ئەمەیان گەیشتنە بە وێستگایەکی دیکە لە ژیان و ئەزموونی گەورەبوون و بەساڵدا کەوتن. چونکە گەڕانێکی تاقەتپڕووکێن و جیددی بەناو ئەم بەرهەمەدا بەو ڕێحە ترساوە ئاشنامان دەکات کە لە گەڕاندایە، بەو ڕێحە شارەزامان دەکات و پێمان دەڵێت کە بەدوای چیدا گیرێدەیە:

دواڕۆژ مانی شایستەی نەمرانە
درەختی مردنی تۆدا بە سەبەر و بەر بکەین سروودی زەوی: ل89

گەیشتم بە شوێن پێی خۆم و گوێ لە بەدەنگی مردن دەگرمسروودی زەوی: ل87

قەڵەمەش باڵە تەپە دەکات
منیش لەو ئاسۆیە دەوانم کە لەناو دڵمدا درژ دەبێتەوەسروودی زەوی: ل94

*شیعر و ئاشکرا کردنی واقیعی خود
شیعر لێرەدا نامەی خودێکە بۆ دەرەوەی خۆی،خودێکی لەبیرکراو، خودێکی زیندانیی، کە لە ئاکامدا بووەتە تاقە دەستاوێژێك بۆ گەیاندنی کردەیەکی مرۆیی، بۆ گەیاندنی هەقیقەتێك کە ئادەمیزاد باجەکەیەتی، چوونە بەرەو پاکو بێگەردیی و پاکیزەیی، بەرزبوونەوەیە، گەیشتنە بە ووناکیی، ئەو ووناکییەی لە شەرمیدا پێغەمبەرەکانیش دەمرن، ووناکییەك کە تەماهی کردنە لەگەڵا خودا، خودایەك کە ئامادەییەکی کردەیی و پەیگیری لە زۆربەی شیعرەکاندا هەیە و گوزارشت لە شتێکی زیندوو، شتێکی سەرئاسا دەکات، پێویستە دانبەوەدا بنێین کە شیعر بۆچەند و چوون پابەندبوون و لایەنداری ڕاحە، کراسێك نییە کرابێتە بەر شتێکی ئەبستراکت، ئەگەر وایش بێت ئەوا حەتمەن کراوەتەبەر هەندێك شتی بەرجەستە کە مانایەکمان پێدەبەخشن. بەیە کە شیعر بەدەنگ دەبێت، کە شیعر دەستبەرداری خۆی دەبێت، ترسێك هەیەوەرێتە سەر خودی شپرزەی شاعیر و هەر هەموو شتەکانیش:
هەمیشە تەواو بوونی شیعر دەمترسێنێ سروودی زەوی: ل79

***شیعر و زمانی خەون**
دیارە ئیدی زمان درەوشانەوەیەك هەیەگرێ کە دەشێ پێشتر خەون زمان بووبێت و لە هەشتەمین کۆشیعر و لەم وڵستگەیەدا خۆی بەدیهێنابێت. سەرەتا زمان دەچێتە دڵخی بەرایی خۆیەوە، وەکو کەرەستەیەکی خاوی لێدێت، ئومێدی ئەوە دەکات شتێکی ڕۆشن و جیاوازی لێوە بنیاد بنێت، نە زمانی ئاخاوتنی خەڵك بێت، نە ئەو زمانەیش بێت کەئەدەبێکی تەقلیدیی پەیجێری دەکات و گۆڕانکاری بەسەردا هێناوە و مەودای لەگەڵا زمانی ئاخاوتن وەرگرتووە ، ئیتر ئەوەی کە دێتە بەرهەم بە بارتەقای خەیاڵا مەودا وەردەگرێت و دوورەکەوێتەوە، ناچارمان دەکات بەووی ئاسۆیەکی دیکەی درژتر و بەرزتر ڕامێنین، لەو فۆرمەڵە نوێیەی کە شەقڵا دەگرێت، وەکو ئەوەی یاریپە سەیر و

سەمەرەکانی یادەوەری بێت لەگەڵماندا. لەڕاستیدا نووسین لەلای شاعیری ئەم لێکۆڵینەوەمان، تەواو وەکو نووسین نییە لەلای کافکادا، یانی کێشەك نییە لەپێناوی مانەوە، بەڵکو کێشەکە بۆ گۆڕینی چوارچێوە سونەتییەکانی ژیان و وروژاندنی چالاکییەکی ڕۆحیی، هەوڵێکە بۆ بەتاڵکردنەوەی زمان لە ڕەمزە تەقلیدییەکانی خۆی و هەوڵێکیشە بۆ کردنی مانا و سیمبۆلی تەواو جیاواز بە سەرنوشتی هەموو ئەو وشانەی تامەزرۆی نوبوونەوەن:

لەگەڵ هەر دابارینێکدا
ترسی بوکان لە هەناوی زەوی کەمتر دەبێتەوەسروودی زەوی: ل79

لەبەر خاتری ئەوەی درەختی مردنم بە سێبەر و بەر بکەم
دڵم لە سینگمدا کتێبی نوژەکانی هەڵگرتووەسروودی زەوی: ل87

*ئاستەکان و گوزارە لەخۆکردنی زمان

سەرەڕای وێنە کتوپڕ وگواستنەوە بەردەوامەکان، چامە گشتیك پێکدەهێنێت و ملکەچی یەك ڕیتمە، ڕیتمێکی هێور و لەسەرخۆ کە لە ناخی قەسیدەکانەوە هەڵدەچێت. هەر قەسیدەیەك بە هێی ئەم ڕەگەزی کتوپڕییەوە شکۆکی کاتییانە بە وەرگر دەبەخشێ و وایلدەکات پەیدەرپەی بگەڕێتەوە سەری و هەوڵبدات ڕایەڵەی شتەکان پێکەوە ببەستێتەوە. هەموو دەقێکیشی بگومان ژیانی تایبەتی خۆی هەیە و بەهۆریی پەرە دەسێنێت و پێدەگات. زمانەکەشی لە هەندێ ئاستدا نەبێت ئەگینا تەجرید دەیپێچێتەوە، لە هەندێ ئاستی تریشدا دەکرێ بوترێ ماناش پەردەپۆش دەکات و وامان لێدەکات داوای سرووش بکەین بۆ ئەوەی ئەو مانا شاراوانە کەشفبکەین و پێیان بگەین. لە ڕاستیدا هەموو ئاستێکی چامەکانیش خودانی ئەو چێیی و مەندیی و دەوڵەمەندییەی زمان نین، لە هەندێ شوێن ڕاستەوخۆیی وەکو گانگرین بە بەشێك لە جەستەی قەسیدەکانەوە دەئاڕێت، جگە لەوە گوزارشتی ڕاپۆرت ئامێزییش بادەست دەبێت کە دیارە هیچ هەستێك ناوروژێنن، بەڵام ژیان پێداویستیی پێیانە و خۆی هەیان دەهێنجێنێت، دەشێت بڵێین لەو جۆگایانەدا زمان گەلێك یەکئاست دەبێتەوە و لە خۆی بترازێ ئیحا بۆ هیچ شتێك ناکات و تەنیا چەمکە ناوبراوەکەی پاستەرناك دێنێتەدی، بەو مانایەی کە دەق ناکارێت مانا فەرهەنگییەکان بەجێ بهێڵێت، یان ڕەتیبکاتەوە و مانای دیاریکراوی خۆی"یانی مانای داهێنراوی خۆی"بە وشە ببەخشێت:

ئەو دارەی تەمبووری لێ دروست کرا
ئەو دارەی تابووتی لێ دروست کرا
ئەو دارەی پەیژەی لێ دروست کرا

ئەو دارەی فەلاقەی لێ دروست کرا سروودی زەوی: ل95

لە سەرەتادا تەنیا جوانیی هەبوو
نێرەی کێیە جوانیی بکوژێ
لە سەرەتادا تەنیا وشە هەبوو
نێرەی کێیە وشە بکوژێ
لە سەرەتادا تەنیا بەختەوەری هەبوو
نێرەی کێیە بەختەوەری بکوژێ
لە سەرەتادا تەنیا نەمریی هەبوو
نێرەی کێیە نەمریی بکوژێ سروودی زەوی: ل65

ماسیی حەوز
دڵفینی ڕووبار
نەهەنگی دەریا
ئەختەبووتی ئۆقیانووس
ئیرەیییان بێ یەك تاوی سەندووە سروودی زەوی: ل19-20

گوێدان
لەسەر لێوی پەنجەرە
لامپا
لەسەر لێوی پەنجەرە
دیوان
لەسەر لێوی پەنجەرە
شەمێ
لەسەر لێوی پەنجەرە سروودی زەوی: ل72- 73

***شیعروگەیاندن**

ئەگەر شیعر، بە پێی بۆچوونی تێستێی گەیاندن بێت، ئەوا دەبێ گەیەنەر بێت، گەیەنەری هەست و بیر و خەون و خواست و ئاواتەکانی مرۆ بێت، گەیەنەری هەقیقەتی دەخی مرۆیی بێت، هەقیقەتێك کە وردزوبرس ئاوا گوزارەی لێدەکات و دەڵێت: بە زیندوویی لە ڕۆگای هەست و سۆزەوە بۆ دڵا دەگوازرێتەوە، بۆگومان ئەو ئەرکەیش هەر تەنیا شیعر دەتوانێ بەو شێوەیە پێی هەستێت، کە ئەمەیشی ئەنجام دا ئەوا جۆگێکێ لەگەڵا مانادا دەکات و سەرەنجام خودی شیعر خۆی ئامانجە نەك گەیەنەر:

جوانی لە بارێکی شەژاودا خۆی پێشان دام
دەموچاوی سروشت بە ئاسانی ئەشکەنجە دەدرێسروودی زەوی: ل32

دیاره له دنیای شیعریی سەباحدا سانسەرێك لەسەر وشەكان و شتەكان هەست پێناكرێت، یانی هیچ وشە و شتێك لە كۆنتێكستی شیعریی ئاودیو ناكرێت، بە پێچەوانەوە هەست بەوە دەكرێت كە لە فەزای شیعرەكانیدا قەدەمێكی منداڵكارانە سەرقاڵی كردەی نووسینە و ئایی دەكات، ڤیژنێكی منداڵانەی دەگمەنیش تانوپۆی دنیاكەی پێ كردۆتەوە و پارێزگاری بە خەیەوە كردووە،موتووربەیە بە بەرائەتێكی ناوازە و دنیایەكی ئەوتۆی ئافراندووە كە بێجگە لە شیعر بە هیچ شتێكی دیكە هاوچوون نییە، بۆیە تەماشا دەكەین دەقەكان وەكو گوان لێوانلێون لە ژیان، ژیان كەفوكۆیانە و پڕی زیندوو دەبن و هەدەچن، ئیتر شیعرییەت لەبەرزبوونەوەدایە، بەرزبوونەوەیەكی بەرچاوی دەستەبەركردووە و زۆر بە زەقی دەركی پێدەكرێت. ئیدی خواست و تموحەكانی بەردەوام دنەی دەدەن، هەر وەكو ئەوەی نەگەیشتبێتە هەرەمی شیعری پەتیی، چونكە گەیشتن بەو شتەی كە ئاواتێتی پڕی بگات، بەڵێ"ئەسكار وایلد"دەبێتە بكوژی ئەو شتە، واتە وەكو ئەوە وایە پڕی نەگەیشتبێ، یانی دووبارە كردنەوەی ژیانێكی سیزیفییانە، واتە هەموو تموحەكان، هەبەتە تموحەكانی شاعیر بێجگە لە هەنگاونان بەرەو ئەو جێگایانەی، كە كەس پێیان نەگەیشتووە شتێكی تر نین و لە ئاستیشدا شیعر هەنگاونانە بەرەو ئەو شوێنەی كە نازانرێت چییە، بۆیە هەمیشە هەوڵەكان دووبارە دەكرێنەوە:

دەمەوێ بۆ شوێنێك بڕۆم
شوێنەكە تۆی ئەی شیعر سروودی زەوی: ل104

شاعیریش دیارە هەرگیز یادەوەری ناپاكیی لێناكات، شەنكردنی شتە دڕینەكان بە سروەیەكی تازە هەردەم ڕۆحێكی بۆونە و سەیریان پێدەبەخشێت و قووڵاییەكی تازەیش لە ناخماندا بەئاگا دەهێنێت. جیهان هەمیشە بەرقەراڕە، سوواوە، لە ئاستیدا زۆر دەمێكە سوواوە، پێیناكرێت تێیدا بەردەوام بێت، ئیدی بۆ ئەوە دەكۆشێت ئەتەرنەتیقێك بخوڵقێنێ، یان لانیكەم بیدزێتەوە، جیهانێك دابهێنێت تایبەت بێت بە خۆی كە ئەویش لەو خەونانەدا دەرك پێدەكرێت كە ئووبەری دەقەكان خەواڵوو دەكەن. بۆ بەدیهێنانی ئەم بارەیش خەیاڵا دەبێتە پەرجووی شاعیر، دەبێتە جۆزوان و تێیدا بە ئامانج و خواستەكانی دەگات، بەو شتانە دەگات كە واقیع لێیان بڕبەری كردووە، بەڵام تەنیا جەمسەرێك نییە لە پرسەی شیعر نووسیندا، بەڵكو بەشدارێكی سەرسەختە و ئەگەر تەنیا خۆی تێخ بێتەوە و ئوون و نێت دەربكەوێت لەناو دیمەنی شیعردا ئەوا چیدی وەكو شاعیرێك دیارنامێنێ و دەبێتە خەوبینێك، خەوبینێك كە هیچ

پەوەندییەکی بە دنیای ئاگایی و دەرەوەوە نییە و لە هەموو شتێك دابڕاوە" بۆگومان بە بێ بەشداری کردنی هەگەز و ئێلیمێنتەکانی دیکەی کردەی نووسینی شیعریی":

باران وەك ئەوەی
بلیمەتی دەروونی ئاگرم پێ بێت
یان بەختەوەریی خۆی ئاشکرا بکات
دەنگی نزم کردووەتەوە و بە نەرمی لە گوێم دەدا
ئیدی دەبێ من گوێ جێ بهێڵم و بڕۆمە دەرەسروودی زەوی: ل38- 39

ئاسوودەیی چرا بە دەستان
دەبێتە بەری مزر و شیرینی درەختەکانسروودی زەوی: ل86

***کۆنسێپت و بەها شیعرییەکان**
هەندێجار لە بەها شیعرییە تراديسیۆنییەکان دوور دەکەوێتەوە، کۆمەڵك ئامرازی پەیوەندی و وشەی پەیوەست بە ژێر لێوەوە دەکات، هەندێجاری دیکە فۆرم لەگەڵا ناوەرۆکدا ئاتاجیان بە پرد دایەکردن هەیە، هەندێجاریش کۆنسێپت پێش وێنە دەکەوێت و بەدوای وێنەیەکدا دەگەڵت تا بیکات بە جەستە بۆ خۆی، یان وێنە پێش کۆنسێپت دەکەوێت و بەدوای بیرۆکەیەکدا دەگەڵت تا بیکات بە ڕۆح بۆ خۆی و پێی زیندوو بێت، هەندێجاری تریش بەهای تەواوی بە زوبان داوە و پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵا شتەکاندا بەو هۆیەوە بەرقەرارە، جاروباریش لەگەڵا لێژیکدا مەودا وەردەگرێت و دوور دەکەوێتەوە، لە دنیای واقیعیش دوور دەکەوێتەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکیشدا ئەگەر تێزقاڵەکیش دووربکەوێتەوە ئەوا بۆ ئەوەیە لە خەیاڵا پتر نزیك بێتەوە، چونکە لەوە دنیایە کە تەنیا لەمیانەی خەیاڵەوە کە سەنتەرە، پێسەی داهێنان ڕەوایەتی خۆی وەردەگرێت و شەقڵا دەگرێت:
من باوەڕم بەو چپەیە هەیە کە نیگا دەیکاتە گۆرانی
گۆرانی ئێسکی لەشی ئەو مرۆڤە دەتوانێتەوە کە چاوی دێی ناسیووە
سروودی زەوی: ل102
لە هەوای ڕووندا مردم و نازم کۆشرا
کتێبەکانم شانیان دایە بەر تابووتم
گالیسکەی گەڕەکەکان و بازاڕ بەدوامدا ڕێشتنسروودی زەوی: ل104
دیارە دووپاتکردنەوە هەندێ بۆگە لە جەستەی شیعرەکان وەکو دەنگ، یان مۆسیقای زیادە لە بنیادی دەقەکاندا بەشداری دەکەن، بۆ ئەوەیە کە شیعرەکان لە یەکنەوایی و یەکئاستیی دەرباز بکەن و ڕیتمێکی ئەوتۆی پێببەخشن کە بۆزاریی بەوێنێتەوە و بەردەوامییەك بە خوێندنەوە بدات. هەروەها هەوڵێکیشە بۆ دۆزینەوەی ڕیتمێکی

گرانیئامێزی بێ گرێ لەناو چوارچێوەی گشتیی ئیتمی چامەکاندا، ئینجا بێ هێدی کردنەوەی ئەو تووڕەییە شەفافەی کە لەودیو تێکستەکاندا ئامادەیی هەیە و خێی مەیاس داوە، بێگومان ئەو تووڕەییە نمایندەی هەچوونە، نمایندەی ساتەوەختەکانی پشوویی و شپرزەبوونی ناوەکییانەیە، زمانیش لە جوانییەکانی خودی خێی بێبەری ناکات، چونکە بە خاوی و ووکەشانە بەکاری نەهێناوە و هەوێی ئەوتێی نەداوە تارمایی بخاتە سەر نهێنییەکانی بێ ئەوەی تایبەتمەندێتییەکانی هەست و سێز تاریك دابگێت، بەکو بە مەعلانیی ساتوسەودای لەگێدا دەکات و ناهێت بە خاوی و خێسکیی پانتاییەکان داگیربکات، کە بەرچاویشمان دەکەوێت کفتوکێی لەناو حاڵەتێکی شیعریی پارسەنگدا دامرکاوەتەوە و بووەتە ئەو تووڕەییەی کە ئێستێتیکایەکی زیادەڕەوی بە دەقەکان بەخشیووە:
{بەس نەبوو/ ل9-10، ئەو بایەی گێماوێك دەشەقێنێ/ ل30، ئەی ئەفسوونی دڵا/ ل40-41، گرانییەك بێ/ل 51، چاوەڕوانی هەواڵکن چ هەواڵك/ ل 58-60-62-71-72-76، شیعر دەستی لەسەر شانم دانا/ ل57-63، پێغەمبەرێك ووە و ماڵی خێی دەڕوا/ ل64، لەسەرەتادا تەنیا جوانیی هەبوو/ ل65، خودا لە تەوراتدا/ ل68، گوێدان لەسەر لێوی پەنجەرە/ ل72-73-75، چێنت ویست ئاوها/ ل79، دڵم لە سینگمدا/ ل87، چیمان بێ دەکرێ/ ل91، هەتاوی پێ ڕەنگی/ ل93، ئەو دارەی تەمبووڕەی/ ل95، نزیك قامیشەڵانێك/ ل99، دڵی گەلیان لە/ ل124}

*سیخناخکردنی شیعر بە ئامرازەکانی
بێ شك لە هەندێ شوێنیشدا هەست بەوە دەکرێت کە وێنەگەلێکی زۆر و زەبەند کەڵەکە کراون، گەرچی زیندووێتییەکی کاریگەریش بە وێنەکان بەخشراوە، کەچی خوێنەر پێیناکرێت ئەو بابەتە بەدیبکات کە لەودیویاندا خێی حەشارداوە، ئەمە لەوحاڵەتەدا کە شاعیر بەشە ناوێنەییەکانی قەسیدەی پشتگوێ خستبێ کە دەکرێ بەهێیەوە پێوەندی بنیاد بنرێت و بابەتەکەیشی پێ بەرجەستە بکرێت، وەڵێ وێای ئەوەیش کەڵەکە کردن و قانگدان و تێئاخنینێکی زیاد لە پێویستی وێنە بێ ناو دەقی شیعریی هیچ شتێك دانامەزرێنێت جگە لەوە نەبێت کە"حاتم الصکر"دەڵێت"قەسیدەی سەرابیی"بەرهەم دەهێنێت و هیچی دی. بەجگە لەوە"جی. ئێم. تریڤیلیەن"یش ێای وایە شیعر: کە سەرناکەوێت لەبەر ئەوە نییە کە لە خەیاڵا بێبەرییە، بەکو لەبەر ئەوەیە کە خەیاڵکی زۆر زیاد لە پێویستی تێدایە، واتە تەنیا خەیاڵا شیعر ناهێنێتەدی، هەر تەنیا وێنەیش شیعر ناهێنێتەدی،یانی نە پێویستە شیعر بە خەیاڵکی زیادەڕە خەفە بکرێت، نە بە کەمەڵك وێنەیش لێوەڕز بکرێت، هەر شتێك، هەر ئێلیمێنتێك لەناو شیعردا

ئامادەییەکی زیاتری هەبێت ئەوا بۆ سودوو هاوسەنگیی هونەریی لەقدەبێت و بە زەقییەوە بۆ باڵانسیی پێوە دیاردەبێت، کە هەر ئەمەیش هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی قەسیدەیە:

کیسەڵا لە پشبڕکێدا چی دەوێ
هەزار پێیەکی فریوو خواردووم بینی
دڵی خۆش بوو لە پستی خێدا جێی نەدەبووەوە
چەنە لێدانێکی بەلاشی بوو لەگەڵا شیعردا
میوە چەند بۆ باك و شتانە بەسەر سینگی درەختەوە پێدەگات
خودایە خۆ بە خێت ئاگاداری
ئاڵای شیعر چەندین جەنگاوەری بە جەرگی لەناودا نێژراوە
سروودی زەوی: ل105-106

مانگ ئای چەندت غەریبی دەکەم
بگەڕێتەوە ناو دەفی دەستم
خۆر لە قووڵایی دەریادا خاو نابێتەوە
بەردی بن لم ماندوو ناژی و لە درێژبوونەوەی ڕۆژگار یاقووت
نازی دەکێشن
وێنەی ڕوخساری ساوایەکی لە شیر بۆاوە و بەردێکم کێشا
زمان لەناو بڕسەی گشت دەسەڵاتەکان داگیرسا
ئەی نەمریی لە دوو دنیا
ئاگری ژیانمت لە دڵکی ئەفسانەییدا کردووەتەوەسروودی زەوی: ل109

هەبەتە هەموو شیعرێك هەوڵکی داهێنەرانەی تەواونەکراوە،هەوڵکە سەرەنجام ماوەیەکی کەم شاعیر ئەفسوون دەکات و لێی خۆشنوود دەبێت، دواجار بای ڕاڕایی و دڵنیانەبوون ڕەزامەندییەکەی دەڕەوێنێتەوە، بۆیە هەوڵکی دیکە شەقڵا دەگرێت ودەسکێت، هەوڵك و هەوڵکی تر و کێشیعرێك و یەکێکی تر و …بکێتایی دووبارە بوونەوەی هەوڵەکان، ئیدی هەوڵی تەواوی ساڵەکانی ژیان دەبێتە چامەیەك کە هەرگیز تەواو نابێت و هەمیشە لەناو بەرهەمەکانی دیکەدا سەدای خۆی بەرجەستە دەکاتەوە:

دروود بۆ وچان و بەهرە و فەرهەنگی پاراو و بۆ پایانی ئادەم
دوای تەواو بوونی هەر شیعرێك
ڕووبەڕووی یەك دادەنیشین
ئاو دەزێتە چاوی و بە شکۆ و هەڵچوونەوە شتێك دەڵێ
سروودی زەوی: ل78
*ناسنامەی شێواز
لە ڕاستیدا شێواز لەم چامانە خاوەنی یەك ناسنامەیە، چونکە

نمایندەی یەك ئەزموونی پشوو درێژە، ڕاحی هەر یەکەیان پێکەشییەکی فرە بەهاوتای تێدا نابینرێت بۆ تاقیکردنەوەی جۆر، یان شێوازێکی دیکە، لەپێناوی گەیشتن بە فۆرمیوولایەکی تاقی نەکراوە، فۆرمیوولایەك ڕووبەڕووی بۆیارێکی ترانسێندێنتاڵمان بکاتەوە، ڕووبەڕوویدەستپێکێکی تازەمان بکاتەوە کە ئاماژە بێت بۆ دنیایەکی تر، کە بۆ بەردەوامێتی شیعرێکی جیاکار بنیات نرابێت، شیعرێك کە لە خودی جەستەی زوباندا ئازادی هێنابێتەدی و وەکو فێنۆمێنۆلۆژیای ئازادی بەدیار بکەوێت و بۆ هاوچەرخێتییەکی پێداویستیی خوێقێن دەست بدات و پەیگیر بێت. هەبەتە شێواز بە وێنە، یان ڕەگەزێکی ناگەهان دەستپێدەکات و لە چامەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئیدی هەست دەکرێت هەموو دەرگێك گڕین و گواستنەوەی بابەت لەخۆ دەگرێت و لە هەقیقەتیشدا ئەو گواستنەوانە لە شتێکەوە بۆ شتێکی دی ئەو ڕەگەزی کتوپڕییەتێخ و ئافەریدە دەکات. لە ڕاستیدا هەندێجار لە خۆمان دەپرسین ئایا ئەمانەی کە شاعیر پێیان هەدەستێت لە تانوپۆی چامەکاندا گەمەکردنن لەپێناوی ئامانجێکی دیاریکراودا کە ئێمە دەرکی پێناکەین، یان هەر ستایەڵکە تایبەتە بە خۆی و مەبەستیش لێی گەمەکردن نییە. بەهەرحاڵ، لە زۆر شوێنی تردا هەست بەوە دەکرێت کە شاعیر لە قەیران و تەنگژەدایە، بۆگومان قەیرانی بەساڵداچوون و نزیکبوونەوە لە کۆتایی، لە مردن، لە دنیایەك کە نادیارە، ڕەنگە دژەخ، یان بەهەشت بێت، لە شەیتان، یان لە خودا نزیکبوونەوە بێت. نزیکبوونەوە جەمسەری گرینگی ئەو قەیرانەیە و ئیدی شیعر هەموو دەمامکەکانی جارانی خۆی وندەکات، یان فڕێیان دەدات بۆ ئەوەی تەمومژێك بەوێتەوە، بۆ ئەوەی ڕوونییەك، ڕوونییەکی دەگمەن خۆی دەستەبەر بکات:

ئادەم دەمامك وەك دەبدەبەی دەم با
بەولا و ئەملادا دەچێت سروودی زەوی: ل95

ئەو هەستکردن و درکاندنە میتافیزیکییەیش هەر بەردەوام دەبێت و لەبیری ناچێت کە یەکێك لە پەیامەکانی خۆی بکاتە پێوەندییەکی بابەتییانە لە نێوانی دوو دنیادا. ئەو دوو دنیایەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی هەبژاردنی ئێمەدایە، دنیایەك کاتییانە تێیدا جێگیر دەبین و ئەوی تریش ماڵی هەتاهەتاییمانە، بۆیە هەست بەوە دەکەین تیشکێ دەخاتە سەر ئەوەی یەکەمیان، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی ئەوی تریان دەکات:

ئاوی چاو لە کتێبخانەی ئاشکرابوونی هێماکانی دوو دنیا
بەسەر دەفتەری شیعرمدا دەبارێت سروودی زەوی: ل114

هەندێك دەڵێن سەرەتای ڕۆگا فەڕ و جوانییە
هەندێکیش دەڵێن کۆتایی
ڕۆبواری سەرەتا و کۆتایی بووم
کۆتاییش وەك سەرەتا
هەمان هەستی بڕم هەبوو سروودی زەوی: ل11

دەتوانم باوەڕ بەو هەموو شتانە بهێنم کە بینیوومن
چونکە هەموویان خەون بوون سروودی زەوی: ل63

لە ماڵی هەمیشەییدا
کڵ دەرگایە یان پەنجەرە سروودی زەوی: ل70
بۆ تاریك داهاتن زۆری نەماوە سروودی زەوی: ل89

دڵا جۆ بەخۆ ناگرێ و بەردەوام جۆ دەگوازێتەوە
ئەی جۆ هەموومانت حەپەساندووە سروودی زەوی: ل92
لە مانەیش بترازێت شاعیروەکو لە سەرەتادا ئاماژەی پێکرا خودانی ئیگۆیەکی هەڵئاوساو و نائاساییە، دەتوانرێ لە جەستەی قەسیدەکاندا زۆر بە ئاسانی جۆ پێی هەبگیرێت:

ئەی هەقیقەت من باجی تۆم
تاج ئیرەییم پێدەبات سروودی زەوی: ل57

ڕوخسارم ئەفسوونی ڕووناکی خودایە سروودی زەوی: ل58

گەورەم نەشونما ئەگەر بە درێ ماچ بکەم
خودا و خود سزام دەدەن سروودی زەوی: ل58

لە ماڵی تۆدا ڕادەکشێم و دەڕوانمە جوانیت ئەی خودا
سروودی زەوی: ل116

***دەرەنجام: ڕۆحی زوبان و کارکردی شیعر**
ئەوی ڕاستی بێت شیعری لە مەزنێتییەوە هەڵقووڵاو دەتوانێت کارکردێکی مەزنی بەسەر ڕۆحی زوبانەوە هەبێت بەو پێیەی کە"گاستن باشلار"ئاماژەی بۆ دەکات، وێنەی شیعرییش بگومان لە زمانەوەپەیدا دەبێت و هەمیشەیش نەختێك لەسەرووی زمانی گەیاندن و ماناوەیە، مادامەکی ناوەرۆکیش شیمانەییە هەروەکو ئەوەی تیۆریستەکانی خوێندنەوە و وەرگرتن بۆی چوونە، کەواتە دەکرێ بڕین خوێندنەوە، یانی هەڵهێنجان و پێشبینیی کردن و ئەنجامگیریی. بگومان پێکۆشی ئەوەم نەکردووە بڕم خەریکی ڕاقەکردنی دەقەکان بوومە، بەڵکو لە

هەندێ شوێندا هەندێك لە بەشەکانی ئەم ئەزموونەم بەرباسداوە و لە هەندێ شوێنی تریشدا بەپێی توانا هەوڵم داوە فەزای گشتیی دەقەکان بدوێنم و سەرپشکیان بکەم بۆ ئەوەی بە پێناسەکانی نێو دەق، دەقەکان دووبارە شەقڵا ببەخشنەوە. دیارە هەست و سۆزەکانی ناوتوێی شیعر هەتا بڕێی چوپێن، شاعیر هەروەکو ستارێبنیسکی بۆی چووە نکووڵی لە خودی خۆی دەکات و تێیدەپەڕێنێ و گۆڕانکاری بەسەردا دێت. لەوانەیە لە هەموو شوێنێکدا قووڵبوونەوە دەقەکانی دەوڵەمەند نەکردبێت، دنیابینییەکی مەحکەم و تێکمە بەدینەکرێت، یان بەجۆرێکی تر بڕێین دنیابینییەکی وردوخاش و کۆتاژکراو خۆی دەسەپێنێت، دەشێ لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە شاعیر دەرك بە پەرتوبڵاویی دنیاکەی بکات، بڕگومان لە دەرەنجامی هەست کردنێکی بەهێز بە تێپەڕینی تەمەن و بەساڵداچوون، کە ئەمەیش لەئاکامدا دەبێتە مایەی ئەوەی کە پشت لە یەکێتی بابەت بکات و لە تانوپۆی بەرهەمەکاندا لاواز بەدەرکەون، یان نادیاربن. هەبەتە تێکست بە پێشمەرجیی خودیی و بابەتیی مەحکوومە، واقیعی خۆی بەدەر لە واقیعی مەوزووعی بنیات نەناوە، بەڵکو کۆمەکی لێوەرگرتووە بۆ ئەوەی واقیعێکی ئەوتۆ بخوڵقێنێ کە جێگای بڕوا بێت، یانی سەرچاوەی هەبێت و ئەمەندەیش خەیاڵا نەیپێچێتەوە، کە لە خوێگەی باوەڕ پێ هێنانەوە دوور بێت و بە چاوی ئاسایی نەبینرێت. بەجگە لەمانەیش، لە ڕاستیدا شیعر لەپێناوی کۆمەڵێك وێنە، یان کۆمەڵە خەیاڵێکی چەمووش و کۆمەڵە هەستێکی هەیەجانئامێز و هەڕچوودا نایەتەدی، بەڵکو گشتێکە و لە کۆمەڵێ بەش و ئێلیمێنتی بچووکتر پێك هاتووە، کە لە دووتوێی ئەم نووسینەدا ئاماژەمان پێیانداوە. لەیادیشمان نەچێت ئەوەی کە لێرەدا بە زەقی پەی پێدەبرێت ئەوەیە کە شاعیر دیسان بۆ چەسپاندن و سەقامگیرکردنی ڕەمزە کۆنو ئەفسانەکانی خۆی هەوڵێکی دژوار و جیددی داوە، توانستی بوونەشی لە کۆکردنەوەی دژوازییەکان پیشانداوە و جاروبار بە تەمومژێك ڕووشی قەسیدە دەکات کە ئەوەیش بۆ شك کۆمەکی وەرگر دەکات بۆ ئەوەی پتر لە پێکهاتە و کەرەستە هەمەجۆرەکانی شیعر وردبێتەوە و لێیان ڕابمێنێت و تەئەممووڵیان بکات.

دیارە لەسەرەتادا مەبەست و نیازم ئەوە بوو هەوڵستەیەکی پشوو درێژ بەرانبەر بە خەون و وێنەی شیعریی ئەم ئەزموونە بکەم، بەڵام نەدەکرا هەندێ لایەنی دیکە بازنەدەنە دووتوێ و ڕووبەرەکانی ئەم هەوڵەی دیاریکردنی فەزای گشتیی دەقەکانی لەئەستێ گرتبوو. لەڕاستیدا ئەم ڕاوبۆچوونانە ئەگەرچی بەشێکیان زۆر گشتین، سەرەڕای ئەوەیش بۆ ئەوە دەرنەبڕاون هەتا بە شێوەیەکی کاتیگۆریکییانە وەربگیرێن، چونکە دواجار هەموو شتێك هەر ڕێژەییە

و شتی لەو بابەتە هەها بوونی نییە. بەهەرحال من هەتا ئەم ساتەوەختەیش پەموایە خوندنەوەیەکی بەر پرسانە و جیددییانە بە ئەزموونی شیعری (سەباح هەنجدەر) ئەنجام نەدراوە و زاتی ئەوە دەکەم بەم ئەزموونە بە پچەوانەی ئەوانەی پشووی دنەمان دەدات ئەو گشەنیگا پشوەخت و ئامادەیە شکست پبهنین لە گەیشتن بە شانشینی شیعرەکان، بەکو وامان لدەکات ببینە خاوەنی گشەنیگایەکی (تەواو جیاواز)، کە ئەوەیش بە تواینی من تاقیکردنەوەی دنیابینیی و دیدکی تر بە سمینی دنیایەکی تر کە دنیای دەقی کراوەیە و چەندین گریمانە هەدەگر و هەوستی جیاجیا دەوروژنە و بگومان هەر هەوستەیەکیش بە ئەوەی کارفەرما و ئەرکی خی بە چەشنکی دانسقە بەج بهنە پویستە لە یەك گشەنیگاوە بوانتە داهنانی ناوازە هەتا بە جرکی دروستتر دەرەنجامە سوودمەندەکان بە وەرگر بگەیەنت. دواجار، ئەوەی نەوتراوە ئەوەیە کە هەموو شاعیرکی داهنەر شتك دەگرتە ئەستە، با ئەو شتە ناو بنین گین، گینی دنیا نام، بەکو گینکم مەبەستە هەر چەند کەمیش بت هەر گرینگ و پ بایەخە، بەام ئەگەر گینی دنیابینیی مرۆڤ بت ئەوا بچەند و چوون شاعیر بە زیادەوە پەیامی ترانسندنتالی خی گەیاندووە و مەبەستی خیشی پکاوە.

نیسان و مایسی 2012: لەندەن

_____

سەرچاوەکان:

1ـ أرشیبالد ماکلیش ـ الشعر و التجربه ـ ترجمه: سلمی الخچراو الجیوسی ـ مراجعه: توفیق الصایغ ـ دار الیقچه العربیه ـ مسسه فرانکلین للگباعه والنشر ـ بیروت، نیویورك .1963

2 ـ محمد مبارك ـ مواقف فی اللغه والادب والفکر ـ دار الفارابی بیروت ـ مکتبه النهچه بغداد .1974

3 ـ د. علی جعفر العلاق ـ فی حداپه النص الشعری ـ دراسات نقدیه ـ دار الشون الپقافیه العامه ـ الگبعه ألاولی ـ بغداد .1990

4 ـ سی. دی. لویس ـ الصوره الشعریه ـ ترجمه: د. احمد نصیف الجنابی و اخرون ـ دار الرشید للنشر ـ بغداد .1982

5 ـ حاتم الصکر ـ مواجهات الصوت القادم ـ دراسات فی شعر السبعینات ـ دار الشون الپقافیه ـ بغداد .1986

6ـ وجیه جارودی ـ واقعیه بلا چفاف ـ ترجمه: حلیم گوسون ـ مراجعه: فاد حداد ـ دار الکتاب العربی للگباعه والنشر ـ القاهره .1968

7 ـ جبرا ابراهیم جبرا ـالنار والجوهر ـ دراسات فی الشعر ـ

المؤسسه العربيه للدراسات والنشر ـ بيروت ـ بدون تاريخ.
8 ـ د. محمد خير البقاعى ـ بحوث فى القراوه‌و التلقى ـ مركز الانماوالحچارى ـ حلب .1998
9 ـ كريستوفر كودويل ـ الوهم والواقع ـ دراسه فى منابع الشعر ـ ترجمه: توفيق ألاسدى ـ دار الفارابى ـ بيروت .1982
10ـ نيما يوشيج ـ أرزش احساسات و پنجمقاله در شعر و نمايش ـ انتشارات گوتنبرگ ـ .1351
11ـ عبدالعلى دست غيب- نيما يوشيج (نقد و بررسى)- انتشارات پازند- چاپ دوم .1354
12ـ أدبيات نوين ايران ـ از انقلاب مشروگيت تا انقلاب اسلامى ـ ترجمه و تدوين: يعقوب اژند ـ انتشارات امير كبير ـ تهران .1363
13ـ سەباح ھەنجدەر, سروودى زەوى, (كۆشيعر), چاپخانەى ھەڤى ھەولێر, .2012
14-فەرھەنگى زاراوەى ئەدەبى و ھەخنەيى ـ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ـ بەرگوبەرێتى چاپ و بڵاوكردنەوە ـ سلێمانى .2011
15- Gaston Bachelard-The Poetics Of Space- Translated by: MariaJolas- Beacon Press- Boston 1994.
16- Poetry 1900- 1975- Edited by: George Mac Beth-Longman With Faber and Faber- Ninth impression 1989.

ڕاكردنەوە بەرەو منداڵى/ شيعرو خوێندنەوەى داستان بۆرزان

لينكى يوتووب:..
https://www.youtube.com/watch?v=HWBJOBSBRi4

لە دەفتەری بیرەوەریـــــــــــی ڕۆژانەوە-36- ستیڤان شەمزینی

فلاشباک

بەشی سی و شەش

هیچ کاتم بە فیڕۆ نەداوە، دوو مانگ و نۆ ڕۆژە، هەمووی شەش جار لە ماڵ چوومەتە دەرەوە. تەنیا ئەخوێنمەوە، هەر کتێبێکیش ئەخوێنمەوە تێبینی خەمی لەسەر ئێنووسم، زۆر خۆشحاڵم لەم کۆشە بێدەنگەدا کارم تەنها گۆڤانە بەناو جیهانی پۆ فەنتازیای کتێبەکان، هەرچی بەتە بەردەستم ئەیخوێنمەوە، لەبەریشەوە شت ئێنووسم، بەڵام دوایی لەی پەشیمان ئەبمەوە، لە ماوەی دوو هەفتەدا، دوو نووسینی کوورتم نووسی، دیسان لە ژێر کاریگەریی "زەردەشت وەهای گوت"ی نیتشە، یەکەمیان بە ناوی "مەنەلەج" کە بەمشێوەیە نووسیوومە:
*زۆر دەمکە دەزانم هەموو بەهاکان جگە لە وەهم شتێکی زیاتر نین، بەڵام تازە دانیپێدادەنێم.
*لە نێوان ئێو و مندا، خەم ون کردووە، ئیدی دەزینەوەی خەم بووە بە ئەرکێکی زۆر مەحاڵ.
*ڕقم لە هیچ مرۆڤێک نییە، چوونکە هیچ شتێک ئەوەندە بە گرنگ نابینم بۆهەیەوە ڕقم لە مرۆڤ بێت.
*ئازاری من لەبەرئەوە نییە ناگەم بە خەزگەکانم، ئازاری من لەبەرئەوەیە خەزگەم نەماوە.
*شێو بە دەستی خەم دەزانم، چوونکە یارمەتیم دەدات تۆر تۆر بە بیرەکە ساکارەکانم پێبکەنم.
*یەکەمجار کە خەم بە هەمیشە بزر کرد، ئێو چرکەساتە بوو پێیانووتم ئیدی خێت بناسە.
*لە نەوان نیتشە و مارکس دا، هیچ خاڵێکی هاوبەش بەدی ناکەم، جگە لە خودی خەم.
*لە بەرزایی دەترسم، ئەمە گرێیەکی سایکۆلۆجی نییە، بەڵکو ترسێکە لە کوشندەیی هەقیقەت.
*وەختێک کتێب دەخوێنمەوە، دوو دیمەن بە چارنووسم دەزانم، مەرگێکی لەرکایی یان ژیانێکی دەنکیشەتی.
*یەکەمجار بە شێوەیەکی گاتەئامێز ئێوم خۆشویست، پاشتر بە تراجیدیا دەستبەرداری بووم.
دووەم نووسینیش لە ژێر ناونیشانی "رازەکانی شەتی"یە کە ئێویشم

بەمجۆرە لە چەند دێڕکدا داشتەتوە:
*یاخیبوون لە ناو خوێنمدا هاتوچۆ دەکات، خوێنم لە ناو یاخیبووندا هاتوچۆ دەکات.
*ئۆگۆر منت بینی و فرمێسکت لەسەر رووخسارم نەبینی، گوومان لە چاوەکانت بکە.
*مردن قەناغێکە لە قەناغەکانی ژیان، ژیان قەناغێکە لە قەناغەکانی مردن.
*تاراوگە ئەو شوێنیە تەی لە نیت، نیشتمان ئەو شوێنیە کە منی لێم.
*کژی با، جوانترین قەسیدەم بۆ دەخوێنتەوە وەختێک گەمە بە تاڵە قژەکانت دەکا.
*فەلسەفە دریێکی جوان و قەشەنگە، منیش ئارەزووی درێکردنم زۆرە.
*لە ڕەشایی چاوەکانتدا چارەنووسم دەبینم، لە سەوزایی چاومدا بەهاری خۆت ببینە.
*عەشق پاسپۆرتێکی جیهانییە، عاشقیش شتێکی نەودەوەتی.
*بەوە پەدەکەنم گشت پێکەنینەکانم درێ بوون، چوونکە من نەوەی فرمێسکم.
ڕۆژانە لەگەڵ خوێندنەوە، ئەلکهول و جگەرەشم زیاد کردووە، ژیان خۆی کورتە، من یارمەتی ئەدەم زیاتر کورت بێتەوە. خەریکە لە حزبایەتی و سیاسەت دەمە دەرەوە، ئەزانم راکردن لە سیاسەت باش نییە، بەڵام لەگەڵ سروشتی کەسێکی وەک من یەکناگرێتەوە. ئاخر من و سیاسەت زۆر بە یەکتر نامەیین، ئۆگەرچی چەندان ساڵ لە تەمەنی خۆم لە سیاسەت بەفیڕ داوە، ژ بەرئەوەی لای من دوالیزمی ئەخلاق و سیاسەت دوو پەدراوی جیاواز نەبوون بەکو پێکەوە بەسترابوون، تەنیا ناکامبوونم بە ماوەتەوە!. نازانم من راستم کرد یان دوای نیکەڵە مەکیاڤیللی و کتێبی میر، سیاسەت لەهەر جۆرە ئاکارێک داڕنراوە؟!. من هەنووکە سەرقاڵی ئەوەم وەڵامەکم بە ئەو پرسیارە چنگ بکەوێت.
ئۆگەرچی هیچ کەسێک لە ژیانمدا نییە، کچگەلێکی زۆریش بە چواردەورمەوەن، بەڵام تەکشکانم لە عەشقی یەکەم ڕۆحی کردووم بە خۆرابستان، هەست ئەکەم زەمەنی دەوانەکان گوزشت، ئەوەی ئێستا تەحەکوم بە جیهانەوە ئەکات قەحپەیەکی وەک پارێیە. لەو ڕۆژانەش کچێکی هاوڕێم بە ئیمەیل بۆی نوسیبووم "خۆشم ئەوێی" بەداخەوە هەستیم ورد و خاش کرد، بەڵام نەمویست درۆی لەگەڵ بکەم، لەوەڵامدا دوو تراکت شیعری خۆم بۆ نوسیبوو:
هاوڕێ نازدارەکەم، ڕۆژگارەکە
عەشق بەرماوەی سزانیخانەکان و

عاشقیش دەداوەکی گەدای بە ناونیشانە

ئەمیە قەدەری ئیشق:
هیچ کات و هیچ ڕێگەیەک
ئاشق و مەعشووق بە یەکتر ناگەیەنە ***
2001-6-15

تێبینی: ئەم بەشە لە لاپەڕە 122-126 کتێبی "فلاشبای"چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکەش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ چاپ بووە.

حیزبی کوردی و قەزاونترین حوکمڕانی.. ئاسۆ مستەفا مەحمود

دەسەڵاتی سیاسی کورد لە کوردستانی عێراق لەهەموو ئاستەکاندا شکستی هێناوە و دوچاری قەیرانی فیکری و ئەخلاقی قووڵ بووە، تاکو ئێو چرکەساتەش نەیتوانیوە کولتووری ژێمە دیکتاتۆرەکانی جیهان تێپەڕێنێت، سیستەم و موئەسەسات دروست بکات، ئازادی فەراهەم بکات و مافەکانی هاوڵاتیان بپارێزێت، گەندەڵی نەهێڵێت و یاسا سەروەربێت. یەکێتی و پارتی و نوخبە سیاسیەکانی ناو ئەم دوو حیزبە نەک هەر ئەم بەهایانەی لەکەمپەینەگەدا جێگیر نەکرد، بەڵکو لە نائاگایی و ناهۆشیاریەکی تەواودان بەرامبەر بوونزیفەکانی زانست و فیکری سیاسی مەدەرن، کەمپەینەگەی ئەمیان ئیفلیج کردو ئەم مەدلە ناشیرینەی ژێمی ستەمکاری و دیکتاتۆریان بەرهەمهێنا. لەجیاتی چەسپاندنی بنەما مەدەنی و دیموکراسیەکان هاتن و بنەما خێڵەکیەکانیان چەسپاند و حوکمی چەتەیی و بنەماڵەیان دامەزراند.
گەندەڵی و نادادپەروەری و کوشتن و تیرۆری سیاسی، یەکەکە لە سیما دیارەکانی هەر سیستەمێکی سیاسی دیکتاتۆر، هەموو دەسەڵاتێکی وەحشیگەر بە مانەوە و درێژدان بە تەمەنی خۆی بەم فەرمە لە زەبروزەنگ و تۆندوتیژی ئیش دەکات. دەسەڵاتی کوردی زەربەی سەروشت و تایبەتمەندیەکانی کولتووری تۆتالیتاریزمی تێدایە.
هەموو دەسەڵاتێکی ستەمکارو دیکتاتۆر لە حەقیقەت دەترسێت، بۆیە

هەمیشە بەسەدان ماسکی ساختە بەچەندەها ڕەگەزی نائەخلاقی حەقیقەت سەرکوت دەکات و ناشیرینیەکانی خۆی پێ دادەپۆشێ. لەڕەگەزی کوشتن و تێقاندن و هەڕەشەکردن هەموو دەنگێ ناڕازی و ڕەخنەکان بەدەنگ دەکات، هەموو ڕەگەزێکی نا ئەخلاقی دەگرێتەبەر، دژ بەهەموو ئەو هەوڵانە دەوستێتەوە کە ئیش لەسەر کەشفکردنی حەقیقەتەکان دەکەن. بۆئەو مەبەستەش ڕەژنامەنوسانی سەربەخۆ و چالاکانی مەدەنی و ڕەخنەگرانی بواری سیاسەت گەورەترین قوربانین، چونکە ڕەژنامەنووسی سەربەخۆ و ڕەخنەگرێ ئازاکانی کەمەگەی ئەمە بونەتە ئەو سەربازە خەبەخشەی لەسەنگەری میللەتەوە بەنوسینەکانیان تێقە لەدەسەاتدارێ زاڵم، چەتە، بکوژو گەندەڵکان دەکەن و بونەتە سەبەبی کەشفکردنی دیوە بەدو ناشیرینەکەی دەسەات، بونەتە هۆنی حەقیقەت و لابردنی ماسك و ماکیاژی دەسەاتی سیاسی یەکەتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی پارتی دیموکەاتی کوردستان، یاخود ونتر بەم بنەماەی حوکمەانی تاەبانییەکان و بنەماەی حوکمەانی بارزانییەکان.
هەموو دەسەاتێکی تەتالیتارو شمولی و پۆلیسی لەسەر کوشتنی ڕەخنەو ڕەخنەگران و کپکردنی دەنگی ئازاد ئیش دەکات، لەسەر دروستکردنی مەدەلی کەمەگەی بەدەنگ و «کردنی کەمەگە بە بەدەنگخانە» ئیش دەکەن. بەنام ئەمە ناوەستین و پەمان وایە سەردەمی ئەمە سەردەمی ڕەخنەگرتنە، هەموو بەدەنگیەك نشتەرگەری جوانکاریە بۆ ناعەدالەتی و نائینسانیەت و کولتووری مەرگەستی زیاتر دەکات. لەهەمانکاتدا کاتەك ڕەخنە دەمرێت دەنگی قامچی دەستی دیکتاتەر بەهەزتر دەبێت. هەڕەشەکردن، ڕفاندنەدن و تیرۆری نهێنی، لەدان و سوکایەتی پێکردن، تێقەکردن....هتد بەرامبەر بەرگریکارانی مافەکانی مرۆڤ و ڕەخنەگران، سوتاندن و داخستی دەزگای میدیایی. هەموو ئەمانەو زیاتریش مستی دیکتاتەر قایمتر لەوەتی هەژاران دەوشەنێت و کەشوهەوایەکی پۆلیسی لە کەمەگەی ئەمە دروستکردووە.
هەموو تاکێکی کەمەگەی کوردی وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی و بەرپرسیارانە پێویستە ببێتە بەرگریکارێکی ڕاستەقینەی دادپەروەری و دژە گەندەڵی، دژی ئەو مەدەلە سیاسیەی (یەکەتی و پارتی) خەبات و بەرەنگاری بکات لەپێناو: چاکەی گشتی، هەنانەدی گەڵانکاری سیاسی، نەهێشتنی گەندەڵی و پشەلکاری بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ. پێویستە ئینسانی کورد دژی ئەو سیستەمە نامەڕوای و ناشارستانیە بوەستنەوە کە ئەم دوو هێزە بەرهەمیانهێناوە. دژ بە سیستەمێك کە بەردەوام کاردەکات بۆ وەرانبوونی سایکەلۆژیاو باری دەرونی مرۆڤی کورد و بەبەهاکردنی ئینسان.
دەسەاتی سیاسی یەکەتی و پارتی لەجیاتی بونیادنانی کولتووری ژیاندەستی، بەهەزارەها ڕەگا دەمانبەنەوە سەر مەرگەستی. تیرۆری

فیکری و کۆسایەتی ئینسانی کورد دەکەن، دەمانکوژن، جا کوشتنی جەستەیی بێت یان مەعنەوی. ئەم دوو هێزە هەمیشە دژیانەوە بەسەر لاشەی هەزارەها دەنگی ئازادو ڕۆژنامەنوس و نوسەرو ڕۆشنبیرداپڵۆتەوە بە ئامانجە چەپڵەکانی خۆیان. بۆیە ڕۆژنامەنوسانی سەربەخۆ و ڕۆشنبیرانی بواری سیاسی و بەرگریکارانی مافەکانی مرۆڤ قوربانی یەکەمن لە کەمەندی ئەمدا. چونکە ڕۆژنامەنوس ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ کۆشفکەری تونێلە تاریکەکانی سیستەمکی گەندەڵ و شکست و داڕزانی ئەخلاقی سیاسی یەکێتی و پارتین. ئەم فەرمە لە ڕۆژنامەنوس و ڕۆشنبیران بە هیچ بەرژەوەندیەکی سیاسی و ئابووری و ئایدۆلۆژی دەنوسن، تەنهاڵ پێناو هەستکردن بەبەرپرسیارێتی ئەخلاقی بەرامبەر بە هاونیشتیمانیانی کەمەندو گەلانەوەی شکۆو بەهاو ڕێز بە مرۆڤ و هەناندی ئازادی و دادپەروەری کەمەڵایەتی و یاسایی لە کەمەندا.
یەکێتی و پارتی لەڕەندی کۆنتڕۆڵکردنی «ئابووری، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هێزە چەکدارەکان»و هەموو کایەکانی تری کەمەندی، درێژە بەمانەوەی دەسەڵاتی خۆی دەدات. ئەم مەبەستە دێکتاتۆرییە هەتادێت پایەکانی دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر دەکات، لەڕەندی: گەندەڵی ئابووری و سەربازی و کۆنتڕۆڵ کردنی هەموو جومگەکانیتر، هەڕەشە بەترساندن و تۆقاندن و تیرۆرکردن، هەڕەشەلەڕەندی وگەرخستنی دەزگا کولتووری وپڕوپاگەندەیی و میدیایی و…هتد بە بەرژەوەندیە حیزبیەکانی خۆیان.
مرۆڤی کورد دەبێ لەو حەقیقەتە تێبگات کە ئازادی لەهەموو شتێك گرنگترە، تەنها ئازادی دەتوانێ مرۆڤ و کەمەندی ئەمە ڕزگاربکات. دەبێ هەموومان بە ئازادی خەمان و ئەوانی تریش خەبات بکەین و بەرەنگاریەکی عەقڵانی دژ بە کولتووری سیاسی یەکێتی و پارتی بکەین. هیچ گروپ و ڕەکخراوەکی سیاسی بۆی نییە بەناوی هیچ موقەدەسکی سیاسیەوە خودی ئازادی بخاتە ژێر پرسیارەوە. بەئەوەی لەم سیستەم و کولتورە سیاسیە نا-عەقڵانی و نا-مەقبوڵە نەجاتیمان بێت کە یەکێتی و پارتی بەرهەمیانهێناوە، پێویستیمان بە گوتاری عەقڵانی و سەرنگاخستنی جوڵانەوەی کەمەڵایەتی و خوڕاندنی کردەیەکی شۆڕشگێڕانەی مەدەنیە.
چونکە ناکرێت لەوە زیاتر قبووڵی ئەوە بکەین شەش ملیۆن کورد ژیانکی خراپ بگوزەرێنێت، مافە سەرەتاییەکانی وەکو ئاوی پاك، کارەبا، جادە، ئاوەڕۆ، تەندروستیەکی خراپ و تەنانەت نەبوونی ئەمنیەت و عەدالەتی و قانون. کەچی بەرپرسکی خاوەن دەسەڵاتی وەکو مەحمود سەنگاوی خاوەنی هەزاران چەکداری خۆی بێت و موچەی هەموو چەکدارەکانیش لەخەزێنەی حکومەت سەرف بکرێت و مەحمود سەنگاوی خۆیشی چەند بیرە نەوتکی داگیرکردووەو نەوتی خۆکی کوردستان

بڕێتەیی و زەرداری بەقاچاخ دەبات. لەولاوە کەمپانیای نەکان کە هی بنەماڵەی تاڵەبانیەکانە هەموو جۆرەکانی بازرگانی قۆرخ کردووەو ئۆژانەش سەدان تەن کەرەستەو خۆراکی بەسەرچوو لەسنورەکانەوە داخیلی کوردستان دەکەن. لەلایەکیترەوە بنەماڵەی دەسەڵاتداری کەسرەت ڕەسول بازرگانی دەرمانیان داگیرکردووەو هیچ بازرگانیەکی ئازاد بوونی نییەو کەس ناوێرێت بازرگانی داودەرمان بکات لەترسی مافی کەسرەت. لەلای میرنشینی زەرد و پارتیش بەهەمان شێوەو خۆراتریش فازل میرانی کە دەسەڵاتدارێکی گەورەی پارتییە بەئاشکرا سەرانە لەخەڵک دەستێنێت و هەموو بازرگانیەک کە لەسنوری ئیبراهیم خەلیل لەنێوان کوردستان و تورکیا ئاوگەڵەی پەدکرێت دەبێت بەزەر پشکێک یاخود پێسەنتێکی بەدات بە فازل میرانی. هەر لەسنوری حوکمڕانی پارتی چەندین بڕپرسی باڵای پارتی بازرگانی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەگەڵ داعش یەکەک لەوانە سیروان بارزانی بوو، کە خۆی سەرکردەیەکی سەربازییەو بۆ ای سەرکی هەرەمی کوردستانە. هەروەکچۆن لەناو یەکێتیش وەستا ڕەسو کە سەرکردەیەکی سەربازی یەکێتییەو بەهاوبەشی لەگەڵ چەند سەرکردەیەکیتری یەکێتی چەکی زەر دەگمەن و گرانبەهاو کاریگەری لەجەری "میلان" بەداعشیان فرەشت، کە چەکەکی تانک شکێنەرەو بەئاسانی دەست ناکەوێت.

کەمەگاو بەدەنگخانە.. جەمال ئەحمەد ئیسماعیل

عبدوڵا پەشەو لە کۆپلە شیعرەکدا سەبارەت بە بەدەنگی دەڵێت:
"زمان" سوپاس کە تۆ لەناو سەنگەری دەممدا
چەکی (نۆء)ت هەر لەسەر پێیە
لەکاتەکدا, دەست بە چەپڵەو
دەمیش تەنیا بە بەڵێیە

دەنگ کاریگەرترین فیشەکە، کە بەبێ خوێنشتن دەتوانێت قەڵای زەردار بوخەنێت. هەریەکەک لەئێمە پێ لە وردە قسەی نەوتراوو پێ لە گلەیی و ڕەخنەی توندی سیاسیی، بەڵام ئایا کە دەنگی هەڵدەبڕێت و کە بەدەنگی هەڵدەبژێرێت. هەر یەکەکیش لەئێمە دەبێت بەجۆرێک

لەجەرگەکان و بە یەکێک لە هێگاکان خۆی خاڵی بکاتەوە ئەم کەمەی
ئاو بەچونە سیاسییانەی لە کۆڵەکە سەریدا کەبونەتەوە دەریان ببڕین.
جا بەنمونە هەندێک کەس لە ئەمەمانان دەژنە سەر جادەو لەهێگای
خۆپیشاندانەوە ئای خۆیان دەردەبڕێت، هەندێکیتر لەهێگای فەیسبووک
تەعبیر لە بەچونکانی خۆی دەکات، هەندێکیتر لەکۆکەبونەوە
جەماوەریکان، بەنمونە منیش ئەوەتا هاتووم لەهێگای ئەم
نوسینانەوە ئاو بەچون و هەڵخەڵکانم دەردەبڕم. بۆیە گرنگ نییە لەچی
هێگایەکەوە تەعبیر لەبەچونی خۆمان بکەین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە
بەدەنگ نەبین، چونکە بەدەنگی ئەو ژەهرە کوشندەیەیە کە تەواوی
کەهێگاو تاکەکانی دەخنکێنێت. هەروەکچۆن شاعیرێک دەڵێت، ئەوەی
وڵات وێران دەکات، ژاوە ژاوو قسەی نەزانەکان نییە، بەڵکو بەدەنگی
زاناکانە.
بۆیە بە شەڕش و هەر وەرچەرخان و گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی کەمەڵایەتی
و سیاسیی پێویستمان بە دەنگ، بە قسەکردن، بە یاخی بوونە، بە
هاوار، هاواری عەدالەتی، هاواری چاکسازی و پاکسازی، هاواری
ئازادی و مافەکانی مرۆڤ. هاواری نەمانی چەوساندنەوەو گەندەڵی و
زوڵم و خوێنڕشتن و چەتەیی. بەڵام ئەوانەی بوێری ئەوەیان تێدایە
پێ بە گەرویان هاوار بکەن و بڵێن نەء بە ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرو
چەوسێنەرو چەتەو خوێن مژە، زەر کەمن و زەرینەی کەمەگای کوردی
بەدەنگی هەڵبەزاردووە. ئەمەش ماناوڕانییەکی مەزنی بەمان
خۆقاندووە.
نەتەوەی کورد زەر پیاهەڵدان بەخۆیدا دەکات و خەی بەجەنگاوەرو
شەڕشگێڕەی سەردەمە جیاوازەکان وەسف دەکات و دەڵێن گوایە کورد زوڵم
و زەردەری هیچ دەسەڵاتێک قبوڵ ناکات. بەڵام لەڕاستیدا نەک هەر
وانییە، بەڵکو بەڵای من هەڵپچڕانەکەی ئاستەو کورد نەتەوەیەکی
ترسنۆک و دەستەمۆ داوخاوەو هەموو جۆرە زوڵم و ناعەدالەتی و
چەوساندنەوەیەک قبوڵ دەکات. هەروەها من پەموایە لەجینات و
دەمارەکانی کورددا هێگەزی "مە" زیاتر زاڵە بەسەر هێگەزی نێردا.
بۆیە دەتوانم بڵێم کورد توخمێکی "مە"یەو ملی شۆڕە بۆ هەموو
دەسەڵاتێکی زاڵم و چەوسێنەرو ناتوانێ نەرانە بڵێ مەیدان و
ئابڵۆقەت لەدژی ئەم هەموو زوڵمەی لێدەکرێت. فەرموو لەهەر چوار
پارچەی کوردستانی گەورەدا چل ملیۆن کورد هەیە، کەچی ئەوەی کە
خەبات دەکات لەچەند هەزار کەسێک تێناپەڕن.
لەم هەرەمەچکەی کوردستانی عەقیش ئەوە سی و یەک ساڵە دوو حیزبی
زاڵم، خوێنمژ، دیکتاتۆر، چەتە، مافیا و گەندەڵ لەسەر حوکمن و
نمونەی قێزەونترین حوکمانین لەسەرتاسەری جیهان و سێی و یەک ساڵە
سەدان ملیارد دۆلاریان دزی لەسەروەت و سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی

خاکی کوردستان، کچی خەک لەبرسان دەمرێت، خەک بەبەش لەسەرتایيترين مافەکانی و خزمەتگوزاری، وەک ئاوی پاک، کارەبا، جادە، ئازادی و دادپەروەری. کچی لەگەڵ ئەم هەموو زوڵمەی دوو بنەماڵەی زاڵم و دیکتاتۆرو مرۆڤ کوژی تاڵەبانی و بارزانی کردوویانەو دەیکەن، کچی هەشتا میللەتی کورد وەکو ماکۆو مە بووە ملی شۆڕ کردووەو هەموو تەعدایەک قبوڵ دەکات، بۆیە لەڕاستیدا ئەوە کەمەگا نییە، بەڵکو ئەوە کەمەگایە.
جگیفارا گەورە شۆڕشگێڕی بەناوبانگی جیهانی دەڵێت، ئەگەر زەرداریت بەسەر مرۆڤدا سەپاندو یاخی نەبوو، ئەوا وردە وردە ئینسانیەت و کەرامەتی خۆی لەدەست دەدات. بۆیە بەم پەڕە بەت کەمەگای کوردی ئینسانیەت و کەرامەتی خۆی لەدەستداوەو من یەکەکم لەو کەس و دەنگە ناسازی و یاخیانەی کە مەشکەم پێ لە گلەیی و ڕەخنەو دژایەتی دەسەڵاتی کوردی، بەڵام چەندە ڕەخنەم لە دەسەڵاتی کوردیيە سەد هەندە ڕەخنەو گلەییم لە میللەتی کوردیيە، لەبەرئەوەی میللەتەکی بەدەنگ و بەهەڵوەست و ترسنۆکەو ئەوە قبوڵ دەکات کە بەروبوم و سامانی شەش ملیۆن کورد تەنها چەند سەد کەسێک بیخوات و میللەتیش نان نییە بیخوات.
ئەگەر ئاوەک لە مێژوو بدەینەوە، گەورەترین شۆشی فەڕەنسی لەمێژوودا بەهەی یەک کلیمە قسەی مەلیکەی ئۆکاتی فەڕەنساوە سەری هەڵدا، کاتێک بە مەلیکەیان وت میللەت زەر هەژارەو خەڵک نان نییە بیخوات، ئەویش لەوەڵامدا وتبووی، مادام میللەت نانی نییە بیخوات، ئە با "پسکیت" بخۆن. ئیتر تەنها ئەم قسەیە وای لەکەمەگایەکی هەشیارو خاوەن گیانی شۆشگێڕی کرد گەورەترین ئاپۆرین و شۆش لەمێژوودا بەرپا بکەن و دەسەڵاتدارانی ئۆکات بوخەنن. دەی ئەی میللەتی خۆخۆشی کوردی تەش هەر بنو هەر بنو مادام پێتوایە خۆو بەقازانجتە...

کورتەچیرۆک/ کەستی دانەر.. ڕسوە بەختیار

دانەر چاوەڕێ بوو، گەورە بە، تا ببێتە ئەندازیار و هەرچی کەموکوڕی شارچکەکەیان هەیە چاک بکاتەوە، چیتر لافاو نەگاتە نو

گەنمکەکەیان و کەس لە بەر لافاو لە ناکاوکان نەخنکێ.
هەنگی چاوی منداڵەهژار جیایە، لەگەڵ هەنگی چاوی منداڵەخواپێداوەکان. چاوکانی ئەو منداڵە هەژارە ماڵیان لەسەر بەستەکەیە، سەرەڕای منداڵییەکەی، چاوکانی چاوەڕێی دەیان خەزگەن. باشترین بەگژش بە ئەمە لەکەرەنتین، زەربەی منداڵەکان لەنێو ماڵدا ئایپادیان هەبوو، کەچی ئەو منداڵە، مۆبایلی دەستی دایک و باوکیان نوکیای ئاسایی بوو، کە تەنیا بۆ تەلەفۆنکردن بەکار دێ. ماڵی منداڵەهژار لەتەپوتەزدا پێ دەبە لەبەنی ناخۆش و بنمێچەکیان زەری نامینە بەووخێ. لە با و بارانیشدا کەسانی منداڵە هەژارەکان هەمووی دەبێتە قوڕ و لیتە، کەچی هەر ئەو منداڵانە هەموو سروودە نیشتمانییەکانیان ئەزبەر کردووە.
دانەر یەکێکە لەو منداڵانەی تاقە کوێی ماڵەکیانە تەمەنی لەگۆگادایە، کاتێک سەیری دایک و باوک و خوشکەکانی دەکات، دەزانی دەبێتە هەی ئازاردانیان بە هەتاهەتایە. کاتێک دایکی دەیهەنێتە کەپان دەبینە منداڵەکانی دیکە یاریی دەکەن، کەچی ئەو لە ناخیدا دەزانە لەگەڵ منداڵانی کەپانەکەی گۆرە نابە و دەبێتە کەستەکی گۆرە بە هەموو خەکی هەرەم.
رەیان دەیەوێ گۆرە بە تا ببێتە ئەندازیاری کشتوکاڵ ئەو بیابانەی لەجیاتی ئەوەی تەنیا تەز و خەڵی لە ببارە، بیکاتە مەرگی بیابان نەوەک کاروانچییەکان لەو بیابانە لەتەنووتی بخنکەن.
دانەر دەزانی وەک رەیانی وەاتی مەغریب دەبێتە باس و خواسی دەزگاکانی راگەیاندن، تەنیا بە پەکردنەوەی هەواڵەکانیان ناوی دانەر و رەیان دەهێنن، جیاوازی نێوان ئەو دوو شوێن و وەاتە جوداییەکی ئەوتەی نییە، تەنیا منداڵی و هەژاری بەتەواوی بەیەکتریان دەبەستێتەوە، کەستی دانەر لە دێ و ناخی ئەم هەرەمە هیچ کاتێک بیرناچێتەوە، رەیانی مەغریبیش لەتەک تەکبیری جەماوەر جاوەکانی زەق دەبێتەوە و نازانێ چ قەوماوە لەم دەقەرە.
ماوەیەکە خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتی شارەچکەکەیان بەدوای دانەردا دەگەڕێن، بەڵام بەسوود تەنیا ئاخ و هەناسەی سارد بە هەمووان مایەوە.
رەیان دوای پێنج ڕۆژ لە هەوەدان و دەرهێنانی لەنەو بەرەکی زیاتر لە سی و دوو مەتر، بەڵام تەرمەکیان هێنایە دەرەوە. دانەر چاوەڕێی دەکرد تا لەنەو مەرگەکانی بەهەشت پیاسەیەک بکەن، دانەر باس لەشارەچکە خەرلەخەندیوەکیان بکات، رەیانی مەغریبیش باس لەگوندەکیان بکات.
ئێستا ئەوان لە دیار یەکتر دانیشتوون، هەر یەک بەزمانی خۆی باس لەجوانی و گوڵ و گەمەی منداڵانی کەپان و بیابان دەکەن.